
2015
ئاشنابوون بە
گرامشی
بەرگی دووەم
25
وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان
گرامشی 2
ئومێد عوسمان

**نامەکانی زیندان**

**نامەکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی بۆ دایکی**

**بەشی یەکەم**

**وەرگێڕانی**

**ئومێد عوسمان**

# کرۆنۆلۆژیای ژیانی ئەنتۆنیۆ گرامشی

گرامشی لە٢٢- ی کانوونی دووەمی ١٨٩١ لە ئالیسی سەر بەشاری کاگلیاری و بەدیاریکراویش ناوچەی ساردینیا لەئیتالیا لەدایك بووە، باوکی فرانچیسکۆو دایکیشی جۆیسبینا مارشیاسەو بۆخۆشی چوارەمین منداڵی خێزانەکەیەتی کە ٧خوشك و برابوون.

گرامشی لەماوەی نێوان ١٨٩٤-١٨٩٦دا، گیرۆدەی نەخۆشییەکی مەترسیدار بوەتەوە بەتایبەتش پاش ئەوەی لەتەمەنی چوار ساڵی لەلایەن کارەکەری خێزانەکەیەوە پشتگوێخراوەو ئەوەش دووچاری نەخۆشی سنگی کردوەتەوە.

١٨٩٧-١٨٩٨ باوکی بەهۆی سەرپێچیکرنی ئیدارییەوە لەکارەکەی دەردەکرێت و لەو دەمەشدا ئەنتۆنیۆ پەیوەندی بە خوێندنگەی سەرەتاییەوە دەکات.

١٩٠٣-١٩٠٥ بڕوانامەی خوێندن بەدەستدەهێنێت و خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك ئاستەنگی ماڵی و ماددی گرانی خێزانەکەی دەبێتەوەو بەناچاری شان دەداتە بەرئیشکردن و لەخوێندنی تایبەت درێژە بەخوێندنەکەی دەدات.

١٩٠٥-١٩٠٨بەیارمەتی دایك و خوشك و براکانی لەسانتۆ لۆسۆرجوی درێژە بەخوێندنەکەی دەدات، کە نزیکەی ١٥کیلۆمەتر لە گیلارزاوە دوورە، هەربۆیە لەو شارەدا لەلای ژنێکی لادێی نیشتەجێدەبێت.

لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا توانای گرامشی لە هەردو وانەی بیرکاری و زانستدا بەدەردەکەوێت و لەساڵی ١٩٠٥یشدا دەست بەخوێندنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوەی سۆسیالیزمی دەکات.

١٩٠٨-١٩١١پەیوەندی بەدواناوەندی دیتۆری گالگیاری کردوەو یاوەری جینارۆی برای بووە، کە ئەودەم کارشەری بۆرسەی کرێکاران و سکرتێری لقی سۆسیالیستی بوەو لەوێشەوە تێکەڵ بە بزوتنەوەی سۆسیالیزم بووە و بەشداری چالاکییەکانی کردوە.

لەساڵی ١٩١٠یەکەمین وتاری لەرۆژنامەی گالگاری بڵاوکردوەتەوەو لەساڵی ١٩١١دا بڕوانامەی بەکالۆریای بەدەستهێناوەو پەیوەندی بەزانکۆوە کردوە. لەساڵی

١٩١٢ لەسەرەتاکانی خوێندنی زانکۆدا لەباروبژێوییەکی سەختدا ژیاوە. لەساڵی ١٩١٣تەواوی هەوڵەکانی لە خوێندنی ئەکادیمیدا چڕکردوەتەوەو کاتەکانیشی بەسەر خوێندنی ئەدەبی و یاساییدا دابەشکردووە.

لەساڵی ١٩١٤گۆڤاری سۆسیالیزمی دامەزراندوەو لە ١٢ی نیسانی ١٩١٥شدا تاقیکردنەوەی لەئەدەبی ئیتاڵیدا کردوە و لەزماناسیدا پسپۆڕی وەرگرتوە.لەساڵی ١٩١٧بووەتە سەرنووسەری یەکەمین و دواژمارەی بڵاوکراوەی لاوانی سۆسیالیستی.

لەپاش مانگرتنی کرێکاران لە٢٣-٢٦ی ئاب و دەستگیرکردنی ژمارەیەك لەچەپە سۆسیالیستەکان گرامشی بووەتە سکرتێری لیژنەی کاتیی راپەڕاندنی لقی تۆرینۆ و لەهەمان کاتیشدا بەرپرسی نووسینی رۆژنامەی Grido del popole بووە.

ئیتر لەوێوە بەکردەوە چالاکی سیاسی گرامشی دەستپێدەکات. ١٩٣٢ کاتێك گرامشی لەمۆسکۆ بوو پۆلیسی فاشیست هاوڕێکانی دەستگیرکردن.

لە٢٢ی مایسدا ، گرامشی بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە وپاش دوو ساڵیش لە غیابی بۆجارێکی تر بەشداری لەچالاکی رێکخراوەیی و شۆڕشگێڕیدا کردەوە.

لەساڵی ١٩٣٦گرامشی دەستگیرکراو سەرەتاش خرایە بەندیخانەی ریجیناکولی و ئۆستیکا و تەواو گۆشەگیرکرا. پاشان رەوانەی تۆرینۆو فۆرمیا کراو دواتر خرایە زیندانی Quisisan.

ساڵی ١٩٣٧ لەدوای ١١ساڵ لەزیندانیکردن نامەکانی زیندانی نووسی کە بەشاکارێکی فیکری و سیاسی وئەدەبی دادەنرێت. لەدوای دەرچوونیشی بەچەند رۆژێك لەزیندان لەشەوی ٢٦-٢٧-١٩٣٧گرامشی لەدوای ئێش و ئازاری دەستگیرکردن ماڵئاوایی لەژیان کرد.

## دەستپێك

### (١)

جیهان بەسەرسامییەکی بروسکە ئاسا هەواڵی مەرگی گرامشی پێگەیشت.

وێڕای هەڵمەتی نارەزایی لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئازادکردنی گرامشی هەڵمەتەکە بێسوود بوو، چونکە هەرکە ئازاد کرا نەیتوانی پێپلیکانەی دەرگای زیندانەکە بەجێبهێڵێت و دەستبکاتە ملی ئازادی و هاوڕێکانی. بەدڵنیاییەوە کارەکانی گرامشی کە ساڵی ١٩٣٧دەرکەوتن سەرجەمیان لەزینداندا نوسراون ، لەکاتێکدا هەرگیز ئەوە بەخەیاڵی خودی گرامشیدا نەهاتبوو کە نووسینەکانی بەوجۆرە بڵاودەبنەوە چونکە هەموویان لەپاش مەرگی بڵاوکرانەوە.

دەستگیرکردنی ئەنتۆنیۆ گرامشی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیاو ئەندامی پەرلەمان،سەر لەئێوارەی ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ لەشاری رۆما بوو لەناوچەی "سارج" کەژوورێکی بەکرێگرتبووکەژمارەی خانووەکەی ٢٥ بوو لەسەر شەقامی "ج.ب.مۆرگانیی".

لەدوای ١٦ رۆژ لەدەستگیرکردنەکەی لە زیندانی " ریجینا کولی" سەر بە "تەندروستی ئیتاڵیا" بەرەو دورگەی"ئۆستیکا" کە چەند سەد کیلۆمەترێك لە باکوری پالیرمۆوە دوورە گواسترایەوە،و بەناچای ماوەی ٥ساڵی زیندانیکردنەکەشی لەو جێگەیە بەسەربرد.

لە٧ی تشرینی دووەم گەیشتە دورگەکەو لە٢٠کانوونی دووەمی ١٩٢٧ بەتۆمەتی پیلانگێڕی دژ بەدەوڵەت و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و هاندان و دژایەتیکرنی چینایەتی و رەواجدان بەتاوان و پروپاگەندەکردنی تێکدەرانە بەرەو زیندانی "سان ڤیکتۆر" لەمیلانۆ گواسترایەوە.

لەمایسی ١٩٢٨لێکۆلینەوە لەگەڵیدا کۆتایی هات و بۆجارێکی تر بەرەو "ریجینا کولی" گواسترایەوە. دادگایی کردنی خۆی و هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی ماوەی نێوان ٢٨ی مارس بۆ ٣ی حوزەیرانی ١٩٢٨ی خایاند. دادگا تایبەتەکە

کەلەلایەن ژەنەراڵ " ساپۆرۆتی"یەوە سەرۆکایەتی دەکرا پشتی بەبۆچوونەکانی پەرلەمانتار"ئیسگۆرۆ" بەست و ئەوەش وایکرد ئەنۆتنیۆ گرامشی بە ٢٠ساڵ و ٤ مانگ و ٥رۆژ داگایی بکرێت.

لەتەموزی ساڵی ١٩٢٨گرامشی لەزیندانی نائاسایی"تۆرینۆ"ی ژمارە ٧٠٤٧ لەپارێزگای "پاری" دانرا، ئەو زیندانەی کەهەتا مردن نەیتوانی بەجێیبهێڵێت.

گرامشی باری تەندروستی لەزیندان خراپبوو توشی سستی و لاوازی ببوو، بەجۆرێك خوێنەر لەرێگەی نامەکانی گرامشی بۆ دایکی درك بەوە دەکات، کە باسی باری تەندروستی خۆی بۆ دەکات تا وایپیشانبدات لەبارێکی تەندروستی باشدایە و ورەیەکی بەرزی هەیە و ئەوەش وایکردوە بەردەوامی بەبەرەنگاریبوونەوەو بەرگریکردن بدات. بەڵام لەراستیدا ئەوەی کە هەوڵیداوە بیشارێتەوە کەم توانایی بووە لەبەرگریکردن، چونکە ئازاری گەدەو گرژی ریخۆڵەی هەبوەو خوێنی هەڵهێناوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی ژانە سەرێکی درێژخایان و ئارەقکردنەوەیەکی بەردەوامی لەگەڵدا بووە.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٠ لەکۆی ٢٤کاتژمێر تەنیا ٢کاتژمێردەنووست و هەرکاتێکیش سەرخەوێکی بشکاندایە پاسەوانی زیندانەکەی بەفەرمان ئاگاداکرابوەوە کە گرامشی بێزا بکات و بەکردنەوەو داخستنی دەرگای زیندانەکە ژاوەژاو دروست بکات ،کە ئەوەش گرامشی بێدار دەکردەوە و ئیتر نەیدەتوانی جارێکی تر بخەوێتەوە.

زۆربەی ئەو خواردنەی پێیدەدرا توانای هەرسکردنی نەبوو جگە لەوەش گرامشی متمانەی بەپزیشکەکان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری بۆ دەکرا تا نەمرێت و لەژیاندا بمێنێت.

گرامشی سەرباری ژانی جەستەو دەروونیی و چاودێری و کۆنترۆڵی ئیدارەی زیندان و بێتوانایی لەدەستەبەرکردنی دۆکیومێنتی بنەڕەتی و سەرچاوەی پێویسترۆژانە

دژایەتی رۆتینی زیندانی دەکرد و کارنامەیەکی بۆخۆی دانابوو بەجۆرێك توانی ٣٢دەفتەر واتە ٣هەزار لاپەڕە لەدەستنووس بنووسێتەوە.

گرامشی لەو نووسینانەیدا رۆڵی رۆشنبیرانی ئیتاڵیای بەدرێژایی مێژوو شرۆڤە کردووە لەوانە ئۆگۆفۆسکۆلۆ، دانتی، قۆناغی ریفۆرم سەردەمی رێنیسانس ، سینەماو زمان و ئەدەب و شێوازارەکان، شانۆو فێرگەی عەلمانی و فەلسەفەی بینیدیتۆکرۆچەو سەدان بابەتی تر. گرامشی کەسێکی ئیسکلۆپیدیەکیی مەعریفی بوو.

ئەو تراژیدیایەی کە گرامشی تیایدا ژیاوە لەنامەکانیدا رەنگیداوەتەوە جا ئەو نامانەی کە بۆدایکی ناردوون یان بۆ هاورێ و ئەندامانی خێزانەکەی نووسیوون.

ئەو چارەنووسە دۆزەخئامێزەی کە گرامشی لەسەر دەستی فاشیست پیایدا تێپەڕی، لەفەرەنسا نارەزایی جیهانیی لێکەوتەوە کە لەلایەن رۆمان رۆلان و هنری پربۆس و ئەوانیترەوەوە رابەرایەتی دەکرا.

لەئینگلتەراش سەرۆکی ئەسقوفی کانتربری نارەزایی پیشانداو ئەوەش مۆسۆلۆنی ناچار کرد گرامشی لە زیندانی تۆرانەوە بۆ نەخۆشخانەی فۆرمیا و پاشان بۆ نۆرنگە لە رۆما بگوازێتەوە بەڵام تازە کارلەکارترازابوو بۆ رزگارکردنی گرامشی.

جا بۆئەوەی وێنەی ئەم کەسایەتیە مەزنە بەرجەستە بکەین و کارئاسانی بۆ خوێندنەوەی نامەکانی گرامشی بکەین، کە ئاراستەی دایکی کردبوونتشك دەخەینە سەر لایەنی کەسایەتی خێزانیی گرامشی.

گرامشی لەبەراییەکانی ساڵی ١٩٢٣ لەمۆسکۆو لەخانەی پشوودان جۆلی(تاتیانا سشوشت)ی هاوسەری ناسی و لەئابی ١٩٢٤منداڵێکیان بوو ناویان لێنا (دیلیۆ). دواتر گرامشی گەڕایەوە ئیتاڵیا و لەکۆتایی ١٩٢٥ یشدا ژن و منداڵەکەی چوونەوە بۆ لای گرامشی لەرۆماو لەوەرزی بەهاریشدا سەر لەنوێ جولی گەڕایەوەبۆمۆسکۆو لەوێ منداڵی دووەم(جولیان)ی لەئابی ساڵی ١٩٢٦ دا بوو.

گرامشی تەنیا بۆ چەند مانگێك لەگەڵ منداڵی یەکەمیدا ژیاو هەرچی منداڵی دووەمیشە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا لەگەڵیدا بژی. کاتێکیش نامەکانی گرامشی دەخوێنینەوە پەی بەو زامەی نێو ناخی دەکەین.

دیسان پێویستە ئاماژە بەجولییش بکەین، کە بەهۆی دەستگیرکردنی هاوسەرەکەیەوە تووشی ئازارودەردەسەری و نەخۆشی عەسەبیبوون بوو،کە هەوڵیدا لەگرامشی بشارێتەوە بەڵام بێ سوود بوو، ئەوەبوو گرامشی گومانی لەئەندامانی خێزانەکەی دەکردو لەوەی کەراستییەکانیان لێشاردوەتەوە و ئەوەش بابەتی گەرمی مشتومڕو مایەی توڕەبوونی بوو.

دواجاریش ئەوە دەزانێت کەچیتر جولی لەمۆسکۆوە بۆ ئیتاڵیا ناگەڕێتەوە ئەو گەڕانەوەیەی کە بەتامەزرۆییەوە لەچاوەڕوانیدا بوو بێ ئەوەی بێتەدی.

تاتیانا تەنیا لەبەر خاتری سوککردنی نەهامەتی و بارگرانییەکانی زیندان بۆ گرامشی ژیا و هەوڵیدا هەموو ئاستەنگەکان تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی ئەرکەکەی خۆی بەشێوەیەکی دروست بەجێبگەیەنێت بەڵام خراپی تەندروستی وایلێکردبوو ژیانێکی سەخت و دژوار بژی. کاتێکش گرامشی لەسەرەمەرگدا بوو تاتیانە بەتەکیەوە بوو هەربۆە نووسراوونامە بەنرخەکانی زیندانی پاراست و بایەخێکی تایبەتیشی بەگۆڕەکەی دەدا.

لەساڵی ١٩٤٣و بۆدواجار تاتیانا لە یەکێتی سۆڤییەت ماڵئاوایی لەژیانکرد.

بۆجای یەکەم نامەکانی گرامشی لەساڵی ١٩٤٧ لەئیتاڵیا بڵاوکرانەوە و هەر بەزووییش لەلای رەنەگران و زۆربەی جەماوەری ئیتاڵیاوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. پاشان لەماوەی نێوان ١٩٤٨و ١٩٥١ نامەکانی لە٦ بەرگدا بڵاوکرانەوە کەکۆی ٣٢دەفتەر بوون و سەرجەمیانی لەزینداندا نووسیبوون لەبارەی ماتریالیزمی مێژوویی و فەلسەفەی (Benedetto Croce) و رۆشنبیران و رێکخستنی کەلتووری و تێبینی و سەرنج لەسەر میکاڤیلی و سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرن ، ئەدەب و دەوڵەتی مۆدێرن لەرابردو و ئێستادا.

گرامشی لەپاش خۆی پاشخان و دەستکەوتێکی مەعریفیی ژێدەریی بەجێهێشت کە ناکرێت لەلایەن هەر مرۆڤێك کە ئارەزووی مەعریفە بکات پشتگوێی بخات.

**(٢)**

لەپاش دەستگیرکردنی لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦، ئەنتۆنیۆگرامشی نامەی بۆ زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی نارد" ژن و منداڵەکانی، ژن خوشکەکەی، خوشکەکانی وکارلۆی برای و ژمارەیەکی کەمیش لەهاوڕێکانی".

لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی و ناسینی ئەو کەسانەی کەنامەی ئاراستە کردون، هەندێك زانیاری لەبارەی سەربوردەیانەوە دەخەینە روو.

*دایکی گرامشی، "جیوسبینا مارشیاس" ١٨٦١-١٩٣٢، کچی باجوەرگرێك بوو ، کە شووی بە فرانشیسکۆگرامشییەکێك لەخزمەکانی بنەماڵەی"کۆریاس" کردو ٧منداڵی لێبوو(جینارۆ،گرازییتا،ئیما،ئەنتۆنیۆ، ماریۆ، تیریسینا، کارلۆ)، جینارۆ کە بەبنانارۆش دەناسرا وەك ژمێریارێك لە کالیاری و ئەمینداری سندوقی کرێکاران کاریدەکرد و لەتۆرینۆش بووە بەرێوەبەری ئۆردین نۆڤۆ.

لەکانونی یەکەمی ١٩٢٢ لەلایەن فاشسیتەکانەوە بریندارکراو ئەوەش وایکرد بەرەو فەرەنساو پاشان بەرو بەلژیکا کۆچبکات و لەپاش خۆشی (ئیدمیا) لەلای دایکی و گرازییتا بەجێهێشت.

هەرچی ئیماشە لەبەنداوی تیرسۆ کاریدەکردو لەساڵی ١٩٢٠بەهۆی پەتای مەلایاوە گیانی لەدەستدا، لەکاتێکدا ماریۆ لەفاریزی ژنی هێناو دوو منداڵی بوو بەناوەکانی "جیانفرانکۆ" و"سیزارینا". "تیریسنا" خوشکیشی لە نووسینگەی پۆستەی گیلارزا کاریدەکردو شووی بە"پاولۆ پۆلیزۆ" کردو چوار منداڵی خستەوە بەناوەکانی فرانکۆ، میما، مارکۆ، ودیدی. هەرچی کارلۆشە وەك پشکێنەر لە سەردینیا بۆ هاوکاریکردنی شیرەمەنی کاریدەکردولەساڵی ١٩٣١ رووی لەمیلانۆ کرد تا لەوێ

بژی ، ئەوەبوو لە سنیا فسکوزا کاری دەکرد بەوەش توانی یارمەتی ئەنتۆنیۆی برای بدات کە لەزینداندا بوو.

*جولیا یاخود جۆیلیا، یۆلکا سشوشتە،کە لەساڵی ١٨٩٦ لەژنێڤ لەدایکبوەو لەبنەچەشدا خەڵکی ئەسکندنافیایەو لە بەرایی سەدەی هەژدەیەم لەروسیا لەماوەی حوکمرانی پییری مەزندا سەقامگیر بوون.باوکی کەئاپۆلۆ سشوستە( ١٨٦٠-١٩٣٨) لە ساڵانی ١٨٨٤-١٨٨٧ لەسانت پترسبۆرگەوە بۆ سربیا دوورخراوەتەوە. دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا لەشاری سمارە و سانت پترسبۆرگ ،لینین بناسێت . پاشان خۆی وهاوسەرەکەیومنداڵەکانی : یەڤگینیا ویوجینا و جینیا و ئانا و تاتینا کە نازناوی تانیای هەبوو لەگەڵ ڤیتۆربۆ کۆچیان کرد بەرەو ژنێڤ و مۆنبلییە. دیسان بەژنێڤ بۆ جارێکی تر دەرفەتێکی تری بۆ رەخساو لینینی بینییەوە و لەسەرەتای سەدەی بیستەمی

جۆلیا لەئەکادیمیای سانتا سیسیلیا لەماوەی(١٩٠٨-١٩١٥)مۆسیکی خوێندو لەژەنینی ڤیۆلادا خەڵاتکرا. هەروەها ئاناش مۆسیکی خوێندو هەریەك لەتاتیناو یۆجینا لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکان نیگارکێشانیان خوێند.

لەدوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧لەروسیا، بنەماڵەی ئەپۆلۆ سشوشت یەك بەدوای یەکدا گەڕانەوە جگە لەتاتیانا نەبێت کە لەرۆما مایەوە، بەڵام ئەویش ئەوەندەی نەخایاند لەهاوینی ١٩٢٢گەڕایەوە.

جولیا، مامۆستای مۆسیك بوو لەقوتابخانەی ئیفانۆڤۆی تایبەت بەمۆسیك و لەهەمان کاتیشدا فەرمانبەر بوو لە لقی خۆجێی حزبی کۆمۆنیست و زۆرجاریش سەردانی خانەی بەساڵاچوانی دەکرد(سربریانی پور) لەدەوروبەری مۆسکۆ بۆ بینینی یۆجینیای خوشکی کە دووچاری خەمۆکی هاتبوو.

لەوجێگایەدا کە ئەنتۆنیۆ گرامشی پاش ماوەیەکی کەم بەگەیشتنی بەمۆسکۆ رووی لێکردبوو بەتاتیانا گەیشت. لەئابی ساڵی ١٩٢٤دیلیۆ و، لەئابی ١٩٢٦یشدا جۆلیانۆ لەدایك بوو. لەوەرزی پایزدا ساڵی ١٩٢٥جۆلیا بەیاوەری دیلیۆی بچکۆڵە

دەچێت  بۆ ئیتالیا و لەساڵی ١٩٢٦یش بۆ مۆسکۆ دەگەڕێتەوە،کە بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشی عەسەبیبوونێکی گران ناتوانێت سەردانی هاوسەرەکەی لەئیتاڵیا بکاتەوە.

- لەرۆما، تاتیانا بڕوانامەی زانستی سروشتیی لە پەیمانگەی گراندۆنی نێودەوڵەتی پێدرا. ئەو حەزی بە بواری پزیشکی بوو هەربۆیە تێکەڵ بە گروپی پرۆفیسۆر رافاییل پاستیانلی بوو. لەمایسی ١٩٢٤گرامشی بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە بەڵام تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ بەتاتیانا نەگەیشت،کە ئەو دەم گرامشی لەگەڵ بنەماڵەیەکی پەنابەری شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی دەژیا.
- لەدوای دەستگیرکردنی  گرامشی تاتیانا دەچوو بۆ زیندان تایارمەتی بدات و بارگرانی سەر شانی سووك بکات، تەنانەت کە بۆ میلانیش گواسترایەوە سەردانی دەکرد و پاش ئەوەش دوای تاوانبارکردنی  دەچوو بۆ زیندانەکەی لەتۆرینۆ. هەروەها  زۆر جاریش یاوەری کارلۆی برای گرامشی دەکرد بۆ زیندان لەرۆماو فۆرمای.
- ساڵی ١٩٣٨ تاتیانا بۆ مۆسکۆ گەڕایەوەو ساڵی ١٩٤٣یش بۆدواجار ماڵئاوایی لەژیان کرد.

# نامەکان

**رۆما ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦**

**دایکی ئازیزم**

**لەم رۆژانەدا گەلێك بیرم لێکردیتەوە. بیرم لەو خەمەکردەوە کە بۆم دروستکردوویت و تۆش لەم تەمەندا و پاش هەموو ئەوخەمانەی کەدیوتە، پێویستە وەك من سەرباری هەموو شتێك بەهێز بیت، تکایە بە گەورەیی سۆزو خۆشەویستیەکەت و بە دڵ نەرمییەکەت بمبورە. کاتێك  کەدرك بەهێزو خۆڕاگریت دەکەم لەبەرامبەر ژان و ئازارەکاندا ئەوا منیش  هێزی زیاترم دەبێت، بیر لەوە بکەرەوە. کاتێك بەو ئەدرێسەی کەبۆم ناردویت و نامەم بۆ بنووسەو لەخۆت دڵنیام بکەرەوە.**

**من ئارام و بێدارم، بەئاگام و هەوڵیش دەدەم ئەو تەنگ و چەڵەمانە تێپەڕێنم کە روویان لەجەستەم کردوە تا پارێزگاری لەهاوسەنگی خۆم بکەن. تۆ مەزاجی من دەزانیت کە لەناخمدا هەمیشە شتێك لەگاڵتەبازی و قۆشمەیی هەیە و ئەوەش یارمەتیدەرمە بۆ ژیان.**

رەنگە هێشتا ئەوەم لاباس نەکردبیت ،کە ساوا نوێکەمان قەڵەوبوەو ناومانلێناوە جولیانۆ،بۆیان نووسیوم کە تەندروستیەکی باشی هەیە و لەگەورەبووندایە،هەرچی دیلیۆشە لەم چەند هەفتەیەی دوایدا تووشی سورێژە بوەو نازانم باری تەندروستی بەکوێ گەیشتوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە قۆناغی سەختی نەخۆشییەکەی تێپەڕاندوە و بەرەو چاکبووەنەوە دەچێت، نیگەران مەبە لەنەوەکانت و دایکیان زۆر بەهێزەو بەیارمەتی کارەکەی بەباشی پەخێویان دەکات.

دایکی شیرینم : چیتر توانا و هێزی بەردەوامیم نەماوە،نامەگەلێکی تریشم نووسیوە و بیریشم لەزۆرشت کردوەتەوە،هەروەها کەم خەوی کەمێك ماندوی کردوم. لەهەموان دڵنیام بکەرەوە ، بەگشت بڵێ با بەهۆی منەوە هەست بەرپسوایی نەکەن و پێویستە لەئەقڵیەتی بەرتەسك و بیزاوی ولاتانی بچکۆلە بالاتربین. بەکارلۆ بێژە ئەرکی ئەو ئێستا بایەخدانێتی بەتۆ و لەئیش و کاری خۆشیدا چالاك وشێلگیر بێت.

هەروەها با گرازییتاو تریسینا بەهێزو لەسەرخۆبن بەتایبەتیش تریسینا، کە وەك لەنامەکەی پێشووتردا نووسیبووت لەچاوەڕوانی خستنەوەی منداڵێکدایە.

دیسان پێویستە باوکیشم بەهێز بێت و ئێوەش هەرهەمووتان خۆشەویستی نێو دڵمن.

هەرکاتێك بیردەکەمەوە زۆر نەرم و نیان نەبووم لەگەڵ تۆدا کەدەبوو وانەبم چونکە تۆ شایەنی ئەوەنەبوویت بۆیە لەئێستادا دڵم دەگوشرێت کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە منت خۆشدەوێت و لەیادتدام.

هەرهەمووتان ماچ دەکەم ، بەڵام تۆ دایکی خۆشەویستم لەئامێزت دەگرم و ماچی بێ کۆتاییت بۆ دەنێرم.

نینۆ.

پاولۆ ماچ دەکەم و با تریسینای دایکی هێژای خۆش بوێت و بەردەوام لەگەڵیدا باش بێت، ماچێکی تریش بۆ ئادمیا و فرانکۆ.

**٢٦ی شوباتی ١٩٢٧**

**دایکی هێژام**

**من ئێستا لەمیلانم،  لە٢٠ی شوباتەوە لەزیندانی تایبەتم لەسان ڤیتۆری. لە٧ی شوباتەوە زیندانی ئۆستیکام بەجێهێشتوە، نامەکەی تۆم پێگەیشتووە بەڵام بێ بەروارەو لەوبڕوایەشدام مێژووەکەی بۆ بەرایەکانی مانگی شوبات دەگەڕێتەوە. لەگۆڕانی رەوشی ژیانم نیگەران مەبە، چونکە بارودۆخم زۆر خراپ نییە، بەڵکو تەنیا کەمێك  نیگەران وشڵەژاوم.**

**نامەوێت بچمە وردەکاری ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەم کراوە بەڵام من بۆخۆشم تائێستا لەمەسەلەکە نەگەیشتووم.**

**بەڵام هەر پەیوەندی بەپرسی سیاسییەوە هەیە کە بەهۆیەوە بۆماوەی ٥ساڵ لەزیندانی ئۆستیکا زیندانی کرامبۆیە پێویستم بە دان بەخۆداگرتن هەیە  و منیش زۆر خۆراگرم و خۆڕاگریشم هێندەی سەرجەم ژمارەی ئۆتۆمبیل و خانووەکانە (تۆ بیرتە کاتێك کارلۆ منداڵ بوو کە کێکێکی خۆشی دەخوارد ؟ دەیگوت ١٠٠خانوو لەکێکم دەوێت. من بۆخۆم خاوەنیkentu domus eprus. [1].**

**دایە تۆش دەبێت دان بەخۆداگرتنێکی زۆرت هەبێت، بەڵام پێدەچێت وانەبێت هەروەك ئەوەی لەنامەکەتدا هەستی پیدەکەم . نووسیووتە کە هەست بەپربوون و....دەکەیت. بەڵام من دڵنیام کە تۆ هێشتا زۆر بەهێزیت و بەرگری دەکەیت سەرباری تەمەن و ئازاری زۆرو ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە پیایدا گوزەرت کردووە.** Corrias,corriazzu. [2]

[1] - بەزمانی ساردینی: ١٠٠ماڵ و زیاتر

[2] - گەمەکردن بەوشەکان لەنێوان وشەی کۆریاس کە باپیری گرامشییە لەدایکەوەو کۆریازۆ کە بەزمانی سەردینی :کۆریاس بەرگەی بکە".

من دڵنیام بۆجارێکی تر پێکەوە هەموومان کۆدەبینەوە، بەنەوەکانیشمانەوە و خوانێکی گەورە لەکیلۆرزونس و پرادیلاس و زیبۆلاس و پیبیاس و زیکۆرو فیگیسیگادائامادە دەکەین( بەڵام نەك لەهەنجیری میمکە ماریا)!.[3]

ئایا لەو بڕوایەدایت (دلیۆ)، پیریشتوس وبیبیاس وزیکۆرۆی خۆشبوویێت؟ پێموایە خۆشی دەوێن و ئەویش بەهەمان شێوە سەد خانووی دەوێت، قەد باوەڕناکەیت کە چەند لەمندالًی ماریۆو کارلۆ دەکات بەتایبەتیش کارلۆ جگە لەلووتی نەبێت چونکە هێشتا لەگەشەکردنی سەرەتاییدایە.

هەندێك جار بیر لەهەموو شتێك دەکەمەوە و حەزدەکەم بەسەرهات و دیمەنەکانی منداڵیم بیربکەوێتەوە، کەتیایدا راستی دەبینمەوە،هەروەها زۆرێك لەنەهامەتی و ئێش و ئازاری تێدایە بەڵام دیسان شتێك لەخۆشی و جوانیشی لەخۆگرتووە.

پاشان تۆی ئازیزی تێدا دەبینمەوە دایە گیان، دەستەکانتم بەبیر دێنەوە کە بۆ سوککردنی خەمەکانمان بەسەرماندا دەتهێنا. ئەی تۆ پلانەکانی منت لەبیرە بۆ ئەوەی قاوەیەکی باشی بێ جۆم دەستبکەوتایە یان هەر پیسێتییەکی تری لەوجۆرە؟

سەرنجبدە کاتێك من بیر لەو هەموو شتانە دەکەمەوە، دیسان بیر لەئیدمیا دەکەمەوە و کاتێکیش گەورە دەبێت لەم جۆرە یادەوریانەی نابێت و ئەوەش کایگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی دەبێت، بەتایبەتیش کە ئەو جۆرێك لەنەرم و نیانی و هەندێك سوزی ناپێویستی هەیە لەم رۆژگاری ئاسن و ئاگرەی کەتیایدا دەژین.

پێویستە بیر لەراهێنانی لەسەر توندوتیژی فیکری بکەیتەوە و رێگەی نەدەی لاسایی هەمان توخمە بەبەردبووەکانی گوندەکە بکاتەوە. پێموایە پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەکی گونجاوو لەبار بۆی شرۆڤە بکەن ،کە بۆچی نانارۆ ناتوانێت سەرپەرشتی و سەردانیان بکات و هۆکاری بایەخ نەدانی منیشی بۆ روون بکەرەوە.

[3] - شیرینی کیلیزۆنیش بەپەنیر دروست دەکرێت،پارادیلاس و ریبۆلاس لەشیرینییە تەقلیدییەکانی سەردینیان.فیگیسیگاداو بیبیاس هەردوکیان بوکەڵەی شەکرۆکەن.

هەروەها پێویستە ئەوەی بۆ شیبکەنەوە کەبۆچی باوکی ناتوانێت لەدەرەوە بگەڕێتەوە، چونکە هۆکارەکەشی لەئەستۆی نانارۆدایە. من و کەسانی تری وەك منیش زۆرن، کە پێمانوایە لەنموونەی ئیدمیا زۆرن و پێویستیشە لەجیهانێکی باشتر لەجیهانی منداڵیتی ئیمەدا بژین.

پێویستە بیَ خۆدزینەوەش پێیبلێیت کەمن لەزینداندام هەروەك چۆن پێیدەلێین باوکی لەدەرەوەیە.گرنگیشە تەمەن و مەزاجی بەهەند وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەو منداڵە داماوە لە خەم بەدوور بێت بەلاّم دیسان پێویستیشە راستی پێبوترێت بۆ ئەوەی لەناخیدا یادەوەرییەك لەهێزو بوێری و بەرگریکردنی ژان و نەهامەتی ژیانی تیادا کەڵەکەبێت.

دایکی ئازیزم..نا..نا بۆمن نیگەران مەبە، بیریش لەوە مەکەرەوە کە باری تەندروستیم خراپە.. من بەپێی توانا لەبارێکی باشدام ، بۆنی عەنبەرم هەیە و بەکاشیش پارەکەیم داوە، پێخەفێکیشم هەیە خراپ نییە،هەروەها ئاوێنەیەکم لایە سەیری خۆمی تێدا دەکەم و رۆژانەش لەچێشتخانەکەوە دوو ژەمە خواردنم بۆدێت. تەباخێکیان پێداوم بۆ ئاوگەرمکردن و ئامادەکردنی قاوە. رۆژانە شەش رۆژنامەو هەفتانەش هەشت کتێب دەخوێنەوە، ئەمە جگە لەگۆڤارە ئەدەبی و گۆڤارە وێنەدارەکان.

لەرووی داراییەوە کێشەیەکم نییە و جگەرەی ماسیدۆنیش دەکێشم ، بەلاّم لەرووی نووسینەوە چاوەڕوانی ئەوە نیم بەچڕو پڕی بنووسم.

نامەکانیشم بەشێوەیەکی نارێك و پێك دەنووسم. ماوەی مانگ و نیوێك زیاترە هیچ هەواڵێکم لەبارەی جۆلیاو منداڵەکانەوە پێنەگەیشتووە[٤]، لەبەرئەوە ناتوانم هیچ لەبارەیانەوە بۆت بنووسم .دەشزانم ئەوان لەرووی داراییەوە هیچ گرفتێکیان نییە و دلیۆو جۆلیلیانۆ لەهیچیان کەم نییە.

تۆپێمبلێ وێنە جوانەکەی دلیۆت پێگەیشت؟ دەبێت ئەوان بۆیان ناردبێت و کاتێکیش بەدەستت گەیشتبوو راوبۆچوونی خۆتم پیَ بڵێ.

---

[٤] - هاوسەرەکەی ئەنتۆنیۆ

دایکی شیرینم، بەڵێنت پێدەدەم  لەماوەی سێ هەفتەدا جارێکدا و بەمەزاجێکی باشتر بۆت بنووسم. هەروەها تۆش بۆم بنووسە، داواش لەکالۆ  و گرازییتاو تریزینا و پایا و پاولۆ بکە بۆم بنووسن، دیسان دواش لە ئیدمیا بکە ،کە پێویستە لەخوێندنەکەی سەرکەوتوو بووبێت و دەشتوانێت تیرۆژە نامەم بۆ بنووسێت.هەرنامەیەك کەپێمدەگات سەبوورییەکی زۆرو ئاسوودەیەکی گەورەم پێدەبەخشن. هەمووتان بەتامەزرۆییەوە ماچ دەکەم،تۆش دایکی ئازیزم بەتامەزرۆییەوەماچ دەکەم .

نینۆ... ئادرێسی ئێستام: زیندانی تایبەتی میلان.

**٢٥ی نیسانی ١٩٢٧**

**دایکی میهرەبانم**

**ئەمڕۆ نامەکەتم پێگەیشت...مەمنونتم و بەختەوەریشم بەو هەواڵانەی کە پێمڕادەگەیەنیت بەتایبەتیش ئەوەی تایبەتە بەکارلۆ. هەرچەند رەوشی ژیان و کارکردنەکەی نازانم، بەڵام پێموایە کارلۆ گەنجێکی زۆر باشە، سەرباری ئەوەی لەرابردوودا هەندێك قۆشمەچی بوو بەڵام لەئێستادا بەبەراورد بەڕابردوو گورج وگۆڵتربووە بۆکارکردن. رەنگە هەریەك لەنانارۆو ماریۆش وەك خۆیان مابێتنەوە کە حەزدەکەن دەستکەوتی باشیان دەستبکەوێت و بەکەمترین تێچوونیش چارۆکەی کەشتی لەئیسپانیا دروستبکەن. ئەفسووس پێموایە هەموان لەماڵەوە جگە لەمن نەبێت خاوەنی بەهرەی کاری بازرگانیکردنن، جامنیش نامەوێت هەرهەموویان روو لە هەمان ئەزموونی بەناوبانگی کولانەی مریشك بکەن، ئایا لەبیرت ماوە؟ ئوی ئاخۆ کارلۆ لەبیر ماوە؟ پێویستە هەمیشە ئەو ریسواییە هەمیشەییەت بیر بێت کە بەرۆکی بنەماڵەی گرامشی گرتووە کەدەیانویست کاری بازرگانی بکەن.من هەمیشە لەیادمە بەتایبەتیش ئەو مریشکانەی کە هێلکەیان نەدەکرد، چونکە بەدەنوکەکانیان سێ یان چوار رۆمانی کارۆلینا ئینڤیرزیۆیان دڕاندبوو.**

**ژیانم بەهەمان شێوە قولّپ دەدات.دەخوێنمەوە دەخۆم و دەنوم و بیردەکەمەوەو ناتوانم هیچ شتێکی تر بکەم، بەڵام تۆ نابێت نیگەران و دڕدۆنگ بیت و فیکرت خراپ نەڕوات کە ڕەنگە نەتبینم و منداڵەکانمت پێنەناسێنم،وەك پێموتیت بەوێنە دیلیۆ دەبینیت،ئەی کاتێك ساڵی ١٩٢٥کارلۆ بۆ رۆما هات وێنەکەی رادەست نەکردیت؟ئەی چیچینۆ ماملی ئەو پارەیەی نەدایتێ کە بۆ بۆ "میا"م ناردبوو تانەشتەرگەرییەکی بچکۆلەی پێبکات و هەروەها کورسیەکی تەختەی تایبەت بۆ تۆش دروستبکات. بەڵام زۆر دڵنیام سزادەدرێم و خودا بۆخۆشی دەزانێت بەچەند ساڵ سزا دەدرێم. پێویستە ئەوە تێبگەیەت کە نەلادەرم و نەویژدانیشم پەیوەندی بە**

بەرائەت و ئیدانەکردنەوە هەیە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە کردارێکەوە هەیە ناومان ناوە سیاسەت، واتە هەموو ئەو شتە جوانانە پەیوەندییان بەم کەیسەوە نییە. دەزانیت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا دەکە ین کە لەسەر پێخەفەکانیان میز بەخۆیاندا دەکەن. بە چەتاڵێکی گەرمکراو هەڕەشەی داخکردنیان لێدەکەین.
باشە وایدابنێ لەئیتاڵیا منداڵێکی زۆر گەورە هەیە، هەڕەشەی میزکردن دەکات لەسەر پێخەفەکەی، من و ژمارەیەکی تریش ، بە چەتەڵە داخکراوەکە هەڕەشە لەو کەسە بێزارکەرە دەکەین تا ڕێگە نەدەین پێخەفە پاکەکە پیس نەکات. جا مادامەکی مەسەلەکە بەمجۆرەیە ئەوا پێویست بەتۆقین و بەوەهەمبوون ناکات و پێویستە تەنیا لەچاوەڕوانیدا بین و دان بەخۆدا بگرین.
کەوابوو هێشتا بەهێزو گەنجیت و بەیەك دەگەینەوە.لەچاوەڕۆوانی ئەوەدا بە. بۆم بنووسەو بەوانیتریش بڵێ بۆم بنووسن، هەواڵی گیلارزاو ئەیسانتو برۆنیدۆو تاداسینی و ئەوریستانۆو زیا و ئەنتیوجام پێڕابگەیەنە.ئایا هێشتا بۆتزیلۆ لەژیاندا ماوە؟ ئەی بۆدیستا کێیە[5]؟ نیسی چ کارەیە؟ ئەی مامەکانم لەئۆریستانۆ لەژیاندا ماون؟ ئەی مامە سیراڤینۆ[6]؟ ئەو دەزانێت کوڕەکەم ناوناوە دلیۆ؟کاری نەخۆشخانەکە تەواوبوو؟ ئاخۆ خانوومیللیەکانی تر لەکاریدۆ دروستکراون؟ ئەوەتا تۆ بزانە من چەند پێویستم بەهەواڵە.
باسی یەکێتی نێوان گیلارزاو ئەبسانتا بکە کەچۆن پەنایان بۆ هەڵگرتنی چەك نەبردوە؟ئەی دواجار حەوزی تیرسۆ سوودی هە بوو؟ بۆم بنووسە و وێنەم بۆ بنێرە، بەتایبەتی وێنەی منداڵەکان.ماچم بۆ هەمووان و تۆش بەگەرمی ماچ دەکەم.
نینۆ
بۆچی گرازییتا تەنانەت یەك دێڕیشم بۆ نانووسێت؟

---

[5] - یەکەم دادوەری شار کە لەسەردەمی فاشییەتدا دیاریکراوە.

[6] - سرافینۆ دیلگۆ ئامۆزای دایکی گرامشیی و خاوەنی دەرمانخانەیە لە ئۆریستانۆ. یارمەتی چارەسەرکردنی گرامشی داوە لەمنداڵیدا. کاتێکیش گرامشی قوتابی بووە وانەی بەیەکێك لەکورەکانی وتوەتەوە کەناوی دلیۆیە.

**٢٣ی مایسی ١٩٢٧**

**دایکی ئازیزم**

**ماوەیەکە نامەکانی تۆم بەدەست نەگەیشتوە و هەواڵی خێزانەکەم نازانم ، کە ئەوەش ئاسان نەبووە. بۆ تریسینام نووسیووە بەڵام ئەویش وەڵامم ناداتەوە. دیسان تۆش بەدرێژایی ئەوماوەیە هیچ لەبارەی گرازییتا و باری تەندروستی بۆ نەنووسیووم.**

**من باشم و ژیانیشم بەشێوەیەکی رۆتینی بەڕێوە دەچێت.دەخوێنمەوە. دەخۆم و دەنووم .رۆژەکان وەك یەك دووبارە دەبنەوە.رۆژانە لەچاوەڕوانی پۆستەدام، بەڵام تەنیا نامەیەکی کەمم بەدەست دەگات. لانی کەم بۆ بەکارلۆ ناڵێیت بۆم بنووسێت؟ ئایا کارەکانی هێندە سەرقاڵیان کردوە رێگر بن لەوەی ناوبەناوە بۆم بنووسێت؟ دەمەوێت ناونیشانی ماریۆ بەوردی بزانم.**

**لەساڵی ١٩٢٠ ەوە پەیوەندیمان نەماوە،بەڵام بەم دواییە زانیم کە بایەخ بەمن و کەیسەکەم دەدات.**

**دەمەوێت بۆیبنووسم و سوپاسی بکەم و لەنامەکانیشمدا وادەرنەکەوم بەدرێژایی ئەو ساڵانە گرنگیم پێنەداوە. چەند منداڵی هەیەو ناویان چییە؟**

**هەمووان لەماڵەوە ماچ بکە.کەمێکیش گوێی کارلۆ و تریسیتا با بدە.**

**بەگەرمی ماچت دەکەم.**

**نینۆ**

**٦ی حوزەیرانی ١٩٢٧**

**دایکی ئازیزم**

نامەکەتم بەمێژووی ٢٣ی مایس بەدەست گەیشت.سوپاسدەکەم چونکە زۆرت بۆ نووسیووم و هەواڵس زۆرو گرنگت پێراگەیاندوم.

پێویستە هەمیشە بەمشێوەیە بۆم بنووسیت و هەردەم هەواڵی زۆرو نوێم لەبارەی ژیانی ئەویٚ پێرابگەیەنیت ، تەنانەت ئەگەر بۆ تۆش سوودیان نەبوو. بۆنموونە بۆت نووسیووم کەهەشت شارەوانی تر دەچنە پاڵ گیرلارزا، بەڵام ئەی چۆن قوتابخانەکان بۆنموونە رێکدەخەن. ئایا لەهەر شارەوانییەك قەتابخانەیەك دەکەنەوە یاخودمنداڵانی نۆربیۆو دۆمیسنۆفاس ناچاردەبن رۆژانە روو لەگیلارزا بکەن و هەمان شتیش بۆ بەشەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان؟ ئەی ئاخۆ باجێکی هاوشێوە دەسەپێنن؟ئەی ئەو باجەی خاوەن موڵکەکانی گیلارزا دەیدەن، کە زەوی و زاریان لەشارەوانییەکان هەیە لەگوندە بچکوکەکاندا خەرج دەکرێن یان لە رازاندنەوەی گیلارزا بەکاردەهێنرێت؟ پێموایە ئەم پرسیارە پرسیارێکی سەرەکییە چونکە لەرابردوودا بودجەی گیلارزا ئێجگار بودجەیەکی هەژار بوو. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی پارچە زەوییەکیان لەشارەوانیەکانی دەوروبەری هەیە و بەشێکی گرنگ لە باجە لۆکاڵییەکان دەدەنە ئەو شارەوانیانە.ئەمە گرنگە پێویستە لەبارەیەوە قسەم بۆ بکەیت، لەبری هەمیشە بیرکردنەوە لەهەڵوێستی رەخنەگرانەی من و خەمباریم..... دەمەوێت لەبارەی ئەم خاڵەوە دڵنیاتبکەمەوە.

با لێکتر بگەین و مەسەلەکەش لەوەدا نییە کە من لەبارێکی باشدام بەڵام تۆ دەزانیت هەموو شتێك بەهای خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا پشت بەو شێوازە دەبەستێت کە دەیبنین و درکی پێدەکەین، سەبارەت بەخۆم زۆر ئارامم و بەچاوێکی پڕ لەمتمانە و بوێریشەوە لەشتەکان دەنۆڕم، جا نەك هەر راستەوخۆ لەو رووداوانە دەڕوانم کە بەلامەوە گرنگن بەڵکو لەداهاتووی زۆر دووریشم دەڕوانم. من تەواو لەوبڕوایەدام هەروەك بۆ تیریسیناشم نووسیووە،رێگە نادەم هەموو ژیانم لە زینداندا

بۆگەن بکات، روونیشە من لەسێ ساڵ زیارتر لێرەدا نامێنمەوە، تەنانەت ئەگەر بەبیست ساڵێش سزا بدرێم. ئەوەتا تۆ ئاگاداریت کە من زۆر بە راشکاوانە بۆت دەنووسم تا تووشی وەهمت نەکەم.لەوبڕوایەدام کەتۆش دەتوانیت بەهێزو دان بەخۆداگرتوو بیت.پێویستە دڵنیا بیت لە توانای بیرکردنەوەو تەندروستی جەستەیم. سەبارەت بەتوانای بیرکردنەوەم تۆ تەنیا شتێکی کەمی لەبارەوە دەزانیت( رەنگە من هەرگیز کاتی خۆی ئەوەم بۆ باس نەکردبیت) کە گرەومان لەسەر ئەوەدەکرد کامان خاوەنی پێستێکی بەهێزین و بەرگەی ئەوە دەگرین بەبەرد لەپەنجەکانمان بدەین تا ئەو دەمەی خوێنی لێدێت. پێدەچێت ئەمڕۆ نەتوانم بەرگەی ئەو گرەوە دڕندانەیە بگرم ، بەڵام تەواو دڵنیام کەللە سەرم بەرگەی چاکوچی رووداوەکان دەگرێت کەئازاریان پێگەیاندوم و بۆجارێکی دیکەش تووشی دەبمەوە.

لەوبڕوایەدام لەماوەی ١٠ساڵی رابردوودا کە من لەشەڕدابووم هێزێکی تەواوی پێبەخشیوم،دەکرا لەچەند بۆنەیەکی جیاوازدا بکوژرامایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەژیاندا ماوم،کە ئەوەش دەستکەوتێکە و کاریگەری لەسەرم هەبووە. جگە لەوەش لەزۆر ساتەوەختدا بەختەوەر بووم و دوو منداڵی جوانیشم هەیە کە بەدڵنیاییەوە بەوشێوەیە گەورەدەبن و پەروەردە دەکرێن وەك ئەوەی کە من گەرەکمە و خوازیاریشم ببنە خاوەنی هێزو چالاك بن.

لەبەرئەوە من ئارام و هێمنم و پێویستم بە بەزەیی و سەرخۆشی نییە،لەرووی جەستەیشەوە لەماوەی شەش مانگی رابردوودا زۆر باش بووم و لەوماوەیەشدا زۆرشتی سەیرو سەمەرەم دیوە بەڵام بۆم دەرکەوتوە کە جەستمە زۆر لەوە بەهێزترە کە خۆم ناسیومە. من دڵنیام لەداهاتووشدا زیاتر بەرگەدەگرم و ئەوەشە ئەو متمانەیەم پێدەبەخشێت کە بۆجارێکی تر دەدگرمە ئامێزو بەبەختەوەری دەتبینمەوە.

جاروباریش سۆزێك بەرەو جۆلیاو کوڕەکانم پەلکێشم دەکات، بەڵام دەزانم ئەوان باشن و بەخۆشنودی ولەژێر چاودێریدا پەروەردەدەبن و دایك و داپیرەو باپیرەو

**پورەكانیانیشیان خۆیان لەهموو شتێك بێ بەش دەكەن بۆ ئەوەی مندالّەكانم لە شیرینی و جلوبەرگ بێ بەش نەبن.**

**نازانم هیچ هەوالّێكم لەبارەی نانارۆوە پێنەگەیشتوە، بەس ئەوەندە دەزانم كە لەپاریسە. پێموایە نانارۆ كەسێكی شێت و سەیرە وناشیەوێت هیچ لەبارەیەوە بزانم. رەنگە پێیوابێت من لێی تورەم چونكە كاتێك كە من لەساناتۆریۆم چارەسەرەدەكرام ئەو موچەی پێنج بۆ شەش مانگی وەرگرتم بێ ئەوەی لەوە ئاگادارم بكاتەوە، لەبەر ئەوە لەو بارە تێدەگەم كە ئەو تێیدایەو من بریندارم كردوەو ئەویش واخۆیم پیشان دەدات كە شێتە بەلاّم من هەرگیز نەمویستووە قەد داوای یەك فلسیشی لێبكەمەوە.[7]**

**دایكی نازدارم ، بەهێزو ددان بەخۆداگرتوو بە،لەگەلّ خەلّكی ئەبسانتا زۆر رەق مەبە.بەگەرمی ماچت دەكەم.**

**نینۆ**

---

[7] – جینارۆ(نانارۆ)ئەو كاتەی گرامشی لەئیدارەی ئۆردین نۆیفۆ كاریكردوە نانارۆ وەك كیمیاناس كاریكردوەولە١٨یكانوونی یەكەمی ١٩٢٢ لەلایەن فاشیستەكانیشەوە بەسەختی لێیدراوە لەبۆرسەی تۆران و ئازایانەش یارمەتی هاورێیەكی دەدات و دەیپارێزێت كەناوی بیاكارینایە. دوای ئەوەش بەرەو پاریس و پاشان بەلژیكا كۆچ دەكات. لەحوزەیرانی ١٩٣٠بۆ ئیتالّیا دەگەرێتەوەو لەتۆران سەردانی گرامشی دەكات و بۆهەمیشەیش لەرۆما نیشتەجێ دەبێت.

**٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٧**

**دایکی شیرینم**

**لە دووی ئەم مانگەدا نامەکەتم لەگەڵ وێنەیەکی میا بەدەستگەیشت، هەروەها نامەکەی پێشووشتم پێگەیشت و وەڵامیشم دایەوە. هەواڵی من وەك خۆیەتی و تەندروستیشم باشەو ژیانیش بەردەوامە. لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا زۆر بێهیوا بووم. تاتیانا(زڕ خوشکی گرامشی) بۆبینیم لە رۆماوە هاتبوو بۆ میلان، بەڵام لە١٤ی مایسەوە نەخۆشەو لەنەخۆشخانە کەوتووە، بێ ئەوەی بتوانێت من ببینێت. بەهیوام ئێستا تەندروستی باش بووبێت(بەوجۆرە بۆی نووسیبووم)و لەپاش چەند رۆژێکیش سەردانم دەکات.**

**وێنەکەی میا جێگەی سەرنجم نییە. ئەی دەزانیت بیر لەچی دەکەمەوە؟**

**پێموایە ئەو پارەیەی کە بۆم ناردیت تا کەوچکێکی بچکۆلەی بۆ بکڕیت لای خۆی هێشتوویەتیەوە و خستوویەتیە نێو دەغیلە یان بانکەوە.**

**پێموابێت ئەو منداڵە لەسیمایا جۆرێك لە سەرکێشی پێوەدیارە، پارە بەسووی لە٤٠٪ قەرز دەکات. پێموایە هەمووتان تۆو گرازییتاو تیریسینیا بەرپرسن لە زیادبەنازکردنی میا. قەد ئەوەم لەبیر ناچێتەوە کە بۆجاری یەکەم پێکەوە پیاسەمان دەکرد ، ویستم شیرینی و شکۆلاتەی بۆ بکڕم کەچی پێیوتم حەز دەکان پارەکەی بدەمێ بۆ ئەوەی لەدەغیلەدا دایبنێت.**

**تۆ پێتوایە ئەم شێوەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ رێگەیەکی راستە؟ من پێداگری دەکەم لەسەر ئەوەی میا لەبری پارە کەوچکێکی هەبێت، پێویستە لەوە ئاگادارم بکەیتەوە.**

**دەزانیت دەمەوێت چیم بۆ رەوانە بکەیت؟ ئامۆژگارییەکانی ئەلفرا ئەنتیۆجیۆ بۆ دانیشتوانی ماسیداس.[٨]**

---

٨ – پەیوەندی بەجۆرێك ئامۆژگارگاری ئاینییەوە هەیە.

**دەكرێت لەئۆریستانۆ دەستت بكەوێت چونكە پاتریزیۆ كارتا بەشێوەیەكی باشتر بەچاپیگەیاندوەتەوە. جا مادام كاتی تەواویشم هەیە دەمەوێت بەهەمان ستایل قەسیدەیەك بهۆنمەوە و تیایدا سەرجەم كەسایەتیەكان دابنێم كە لەمنداڵیمدا ناسیومن: تیۆ میلانۆ،تیۆ رۆمۆندۆجانا،جانۆسۆ جانۆلا،مایسترۆ ئەندریۆلی، كۆرۆنسۆ، سانتۆ جاكۆزیلگرتاری....هتد. چێژی زۆری لێدەبینم و لەساڵانی داهاتووشدا قەسیدەكەم بەگوێی منداڵاندا دەدەم.**

**لەوبڕوایەدام ئێستا جیهان بەرەو شارستانی بوون دەچێت و ئەو دیمەنانە نابینرێن كە ئێمە دیومانن كاتێك كەمنداڵ بووین.**

**ئایا لەبیرتە مۆگۆگۆ ژنە سواڵكەرەكە كە بەڵێنی پێدەداین دوو ئەسپی رەش و سپیمان بۆ بهێنێت تا بەو ئەسپانە بەدوای خشڵ و زێڕی مۆسكاماگیدا دا بگەڕێین.[9]**

**دیسان بیرتە چەندان مانگ لەچاوەڕواندا بووین؟بەڵام ئێستا منداڵان باوەڕ بەوچیرۆكانە ناكەن. لەبەرئەوە باشترە ئەگەر هەموومان بەیەك گەیشتینەوە جۆرێك لە شەڕە شیعر بكەین. تیۆئسكۆرسا ئەلوتۆ ت بیرهاتەوە كە چەند بەحشمەتەوە دەیوت زیا گارزیا.[10]: ئایا هێشتا لەژیاندا ماوە؟ لەیادتە چەند بەئەسپەكەی پێدەكەنین كە رۆژانی یەك شەممان كلكی بۆ دادەنا؟ سەیركە چەند شتم لەیادماوە؟پێموایە توانیومە بتخەمە پێكەنین. سڵاوی گەرمم بۆ هەمووان..ماچت دەكەم.**

**نینۆ**

---

[9] - مۆسكا ماجیدا یان ماسیدا (مێشولەی مالییدان)جۆرە مێشێكی كوشندەیە لە ساردینیا وایان پێدەوتین كە هێندەی مێشێكی ئاساییە بەڵام دەكرێت قەبارەكەی بگاتە قەبارەی بەرخێك.

[10] - زڕخوشكی دایكی گرامشی

**٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٧**

**دایکی شیرینم**

**ماوەی مانگێك دەبێت هیچ نامەیەکی تۆم بەدەست نەگەیشتوە. تۆ چۆنیت؟ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم تا لەوە ئاگادارت بکەمەوە کە نیگەران نەبیت لەوەی ئەگەر لەلایەن کۆمپانیای هیڵی شەمەندەفەرە نووسراوێکت بەدەست گەیشت یان بەدەستت گەیشتوە سەبارەت بەوەی کەمن لەودەمەی پەرلەمانتار بووم سێ بلیتم داوەتە سێ کەس و لەکۆتایی ١٩٢٥ یاخود سەرەتایی ١٩٢٦تانەی لێدراوە، بۆیە پێموایە مەسەلەکە پەیوەندی بەو کەیسەوە هەیە، چونکە بەر لەدوو رۆژ داوایان لێکردم ناونیشانی خێزانەکەمیان پێبدەم کە لەلایەن کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەرەوە بۆ کاری کارگێڕی داوایان کردووە. بەڵام من لەسەرەتادا پێموتن من کەسێکی گەورەم و پێویست ناکات پرسیار لەخێزانەکەم بکەن چونکە من نوێنەرایەتی خۆم دەکەم، بەڵام زۆریان لێکردم تا ناونیشانەکەیان پێبدەم.**

**من ئەم بابەتەت بۆ ڕووندەکەمەوە، ئەو دەمەی کە پەرلەمانتاربووم مافی خۆم بوو هەشت بلیتی پلە یەك و چواری تری پلە دوو بۆ خێزان و یاوەرانم کە بۆ چارەسەرکردن لەگەڵمدا دەبن بەدەستبهێنم. من لە هەندێك کاتدا ئەو بلیتانەم بۆ کەسانی یاوەرم بەکارهێناوە، چونکە لەم ساڵانەی داوایدا بەردەوام تووشی بورانەوەو گێژبوون دەهاتم.**

**لەیەکێك لەبۆنەکاندا گەشتێکم لەرۆماوە بۆ میلان کرد، بەڵام بەڵام یاوەرەکانم ناچاربوون بەپەلە بڕۆن. چی بکەم؟ رووم لە فەرمانبەری تایبەت بەبلیتەکان کرد و لێمپرسی ئەو ڕێوشوێنانە چین کە دەبێت بیکەم، ئەویش وتی لەبلیتەکەدا دیاریکراوە کە دەبێت یاوەر بگەڕێتەوە.منیش ئەو جارەو دوو جاری تریش هەر وام کرد.**

**لە مایسی ١٩٢٦کە بەرایی ساڵی نوێی پەرلەمانیی بوو هەوڵمدا بلیتەکانم رابکێشم، بەڵام ڕەتیانکردەوەو پێیان راگەیاندم ئەگەر بمەوێت بلیتم دەست بکەوێت**

ئەوا پێویستە چەند هەزار لیرەیەك بدەم کە نرخی سێ بلیت و غەرامەیەکە. من لەوبڕوایەدام پێویست ناکات هیچ بدەم، یەکەملەبەرئەوەس هیچ جۆرە ساختەیەکم نەکردوەو پاشان من رووم لە پەنجەرەی بلیت وەرگرتن کردوەو پەسەندکرا، سەرباری ئەوەی لەسەر بلیتەکە ئاماژە بەگەڕانەوەی یاوەر کراوە،کەئەوەش واتای ئەوەیە یاساکان روون نین و کارمەندەکانیش نازانن چۆن چۆنی لێکیبدنەوە. دووەمیش بەهۆی بەکارنەهێنانی بلیتەکانی ساڵی ١٩٢٦ەوە زیانم پێکەوتووە. هەموو ئەوەم بۆ باسکردویت تا بزانیت لای منەوە هیچ هەڵەیەك نەکراوە.لەگشت بارەکاندا بەتەنیا خۆم بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرم و بەپێویستیشی نازانم باوکم هیچ شتێك بدات ئەگەر هەر نووسراوێکی لەوجۆرەتان بەدەست گەیشت، دیسان پێویستە پێیان بڵێیت کە پەیوەندیتان بەو کەیسەوە نیە و ماوەی بیست ساڵە سەربەخۆیەو خاوەنی خێزانی خۆیەتی.

لەچاوەڕوانی هەواڵتدام .ماچت دەکەم

نینۆ

**٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٧**

**دایکی خۆشەویستم**

**ئەمرۆ نامەکەتم بەدەست گەیشت ، کەمێژووی ١٧ مانگی پێوەیە، بەڵام دەست بەجێ وەڵامی دەدەمەوە سەرباری ئەوەی لەم هەفتەیەدا بۆم نووسیوویت.**

**رۆژی پێنج شەممە ماریۆ گەیشتەلام و پێکەوە بۆماوەی چارەکە سەعاتێك قسەمان کرد.ئەو باشە و لەبارەی ئیش وکارەکانییەوە کە ئێستا بەشێوەیەکی باش بەرێوەدەچن قسەی بۆکردم. لەوبڕوایەشدام جەستەی وەك جەستەی باوکم قەڵەو بووە. بەر لەوەی بۆ بینیی من بێت ،ماریۆ چووبوو بۆ خەستەخانە بۆ بینینی خوشکەکەم، هەروەها هەواڵی ئەو پێڕاگەیاندم و کەمێك دڵنیای کردمەوە. بەڵێنیشی پێدام کە دەست بەجێ نامەت بۆ بنووسێت و باشی تەندروستی منت پێڕابگەیەنێت.**

**ئەوەی لەبارەیەوە نووسیووتە زیادەڕۆیی پێوەدیارە ، چونکە کەس ناتوانێت تا ئەو ئاستە بێ لایەن و بابەتیانە بێت وەك ئەوەی من لێی چاوەڕوان دەکەم. چونکە ماریۆ لەسەربازگەیەکی پێچەوانەی من خەبات دەکات. کاتێك بەر لەچەند ساڵێك سەردانیم کرد ،وێنایەکی راستم لەبارەی کۆی ئەو جیهانە لەلا گەڵاڵە بوو کە ئەو تیایدا وەك پاڵەوانە. بەڵام ئەمە ئەو شتانەیەو باشتریشە شتی زیاتر نەنووسم ، چونکە ماریۆ برامە و منیش سەرباری هەمووشتێك زۆرم خۆش دەوێت.**

**بەهیوام ئێستا گرنگی زیاتر بە ئیش و کارەکانی بدات تا باشتر بێت. خۆ ئەگەر سەردانم بکاتەوە وەك پێی راگەیاندم ئەوا لەبارەی ژنەکەیەوە شتێکی پێدەڵێم کە بەدڵنیاییەوە لەژنێتیدا شان لەشانی تۆ نادات و بە روو بەڕووبوونەوەی هەر سەختیەك دادەڕمێت، تۆ سەیربکە ئەو ژنە ناتوانێت گەرماوێك یان سەفەرێك لەکاتی پشوودا بکات یان جلوبەرگێکی نوێ بکڕێت!زۆر بەداخم چونکە گرازییتا هێشتا نەخۆشە، بەهیوام بتوانێت ناوبەناوە بۆم بنووسێت. هەمووان بەمیهرەبانیت لەئامێز بگرە، ماچ بارانیش بۆتۆ.**

**نینۆ**

**کەی ڕێنمای و ئامۆژگارییەکانی پاتریرك بۆدیگی-م بۆ دەنێریت؟**

**٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧**

**دایکی میهرەبانم**

**نامەکەتم بەدەست گەیشت کە مێژووی ٢٦ی تشرینی دووەمی لەسەرە. بەناوی منەوە سوپاسی زۆری کارلۆ بکە، هەروەها ئامۆژگاری نامەکەی پاتریرك بۆدیگیم بەدەستگەیشت، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بێگومان ئەو سۆعبەتە گوندنشینییەم تیا نەدۆزییەوە وەك ئەوەی لە ئامۆژگارینامەکەی ئۆپۆبۆلۆ ماسیداسیدا دۆزیمەوە، هەربۆیە من زیاتر بەماسیداسیدا سەرسامم.[11]**

**پێموایە چەند نامەیەکم بۆ نووسیوویت بەڵام پێت نەگەیشتوون، من بەم شێوەیە نەبێت ناتوانم گوزارشت لەکەمی هەواڵەکان بکەم و بەم دواییەش وازم لەخوێندنەوەی رۆژنامەکان هێنا، تا هەندێك لەکاتەکان لەگەڵ بەندکراوەکانی تر بەسەربەرم. دۆستایەتیکردنی بەندکراوانی تر هەروا ئاسان نییە و رێگە نادرێت سەردانی بەندکراوانی سیاسی بکەیت، جگ لەوانە نەبێت کە لەسەر مافی گشتی بەندکراون. لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك خۆشی لەوە دەبینم و کاتەکە بەخێرایی دەگوزەرێت.**

**خوشکم(زرخوشك)نەخۆشخانەی بەجێهێشتوەو ناوەبەناوە سەردانم دەکات.ئەو هیشتا لەقۆناغی چاکبوونەوەدایەو قوربانی زۆریش لەپێناو مندا دەدات.رۆژانە سەردانی زیندن دەکات و خواردنێکی بەچێژم بۆ دەهێنێت...میوە،شکۆلاتە،ماسی تازە. نەمتوانیوە ئەو خوشکەم قایل بەم کە زۆر خۆی ماندو نەکات بۆ ئەوەی چاك بێتەوە و بگرە هەست بەشەرمیش دەکەم لەبەرمبەر خۆ هیلاك کردنی کە هەندێك جار ئەوە لەخوشکەکانی ترمدا نابینمەوە.**

**دەمەوێت لەبارەی مەسەلەیەکەوە قسەت بۆبکەم. بیرم نایەت بەدیاریکرای کام کتێبە لای گیلازرا بەجێهێشتوە ، بەڵام بیرمە لەساڵی ١٩١٣لەتۆران کۆمەڵێك**

---

[11] – ئەی لەو درۆیە کە وتنی چەند گرانە، کێ دەتوانێت چاومان هەڵکۆڵێت و پارچەیەکیش لەجگەرمان بکاتەوە.

**کتێبم لەبارەی سەردینیا کڕی کە لەکتێبخانەکەی بویلدا بوو.[١٢] بنەماڵەکەی دەستبەرداری بوون. وەك بیرم بێت بەشێکم لەو کتێبانە لەکاتی پشوودا بردەی لای گیلارزا. دەمەوێت ئەو کتێبانەم دەست بکەونەوە ئەگەر لای مابنەوە، بەتایبەتیش کتێبی ژەنەراڵ لامارمۆرا لەبارەی گەشتەکانی بۆ سەردینیا( کتێبەکە بەزمانی فەرەنسی)یە،[١٣] لەگەڵ چیرۆکەکانی بارۆن مانۆ[١٤]. پێموایە ئەو دوو کتێبە لای گیلارزان. هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ئەرشیفی ئەربۆریا،[١٥] لە کەبەرگێکدا کۆکراونەتەوەو کێشەکەی لانی کەم ١٠کیلۆگرام دەبێت بەڵام باش بیرم ناکەوێتەوە کە ئەوەشم بردوە یان نا. دیسان بەرگێکی تری بچووکیشی لایە، ئەمە جگە لەپەنجا بەڵگەنامە لەسەر سەردینیا کە هی مارشیسی ئەندازیارە. ئەگەر هەر کام لەو کتێبانە لەماڵەوە بوون بۆم رەوانە بکە. بەکارلۆش بڵێ ئەگەر دەرفەتی هەبوو ژمارەیەکی گۆڤاری نوراجیم بۆ بکرێت،[١٦] و پاش خوێندنەوەی کەی توانی بۆم رەوانە بکات، هەروەها هەندێك گۆرانی سردینیم بۆ بنێرە کە لەلایەن نەوەکانی بیریزی بیریۆنی بۆلۆتۆنییەوەلە شەقامەکاندا وتراون.**

**خۆ ئەگەر لەهەندێك لەئاهەنگەکاندا پێشبڕکێی شیعری سەردینی رێکخرا ئەوا باسی ئەو بابەتانەم بۆ بکە کە لەقەسیدەکاندا هۆنراونەتەوە.**

---

[١٢] - مەبەست لەپۆیل دی پۆتیڤیگارییە

[١٣] - ئەلبیرلامامۆڤا: گەشتێك لەسەردینیاوە ١٨١٩-١٩٢٥ کەتیایا وەسفێکی هونەری و سیاسی و سروستیی هەیە. چاپی یەکەمی لە١٨٢٦ لەپاریس بڵاوکراوەتەوە.

[١٤] - مەسەلەکە پەیوەندی بەکارەکانی جۆزیبی مانۆ وە هەیە کە ئەوانیش: مێژووی سەردینیا لای ئەلینا وبرافیا لەتۆرینۆ ١٨٢٥-١٩٢٧، بەرگی چوارەم و مێژووی هاوچەرخی سەردینیا ١٧٧٣تا ١٧٩٩، کە لەساڵی ١٨٤٢لەلایەن لافایال تۆرینۆ بەشی دووەمی بڵاوکراوەتەوەو پاشکۆیەکی بەهاوپێچ لەبارەی مێژووی دێرینی هەمان نووسەری لەگەڵدا بووە . لۆمۆنیی فلۆرانسا ١٨٥٨.

[١٥] - مەسەلەکە پەیوەستە بەنزیکەی ٥٠بەڵگەنامەی تایبەت بەمێژو و ئەدەبی کلاسیکی سەردینیا تا سەردەمی ناوەڕاست. کەلە کاگلیاری لەساڵی ١٨٤٥ لەرێگەی بسانتا روزالیای قەشە دۆزراوەتەوە، کەراشیگەیاندوە سەرچاوەکەی ئەرشیفی دادگای ئەربۆریایە. ئەو بەڵگەنامانە سەرچاوەی ئەفسانەی ریشەیی ژیارە لەسەردینیا.

[١٦] -Nuraghe گۆڤارێکی رۆشنبیری سەردینییە کە لە١٩٢٣تا ١٩٣٠ لەکاگلیاری بەچاودێری ریمۆندۆ کۆستا راسبی بڵاوکراوەتەوە .

لەنێویشیدا دوو کۆپلەی شاعیری سەردینی سپاستیانۆ سانا هەیە: ئەگەر کازیوە بەردە گرانیتییەکانی داگیرسانیت ، ئەوا تۆ ئەی سەردینیا بەوە قەرزاری نەوەکانی داهاتوویت.

ئایا هێشتا ئاهەنگەکانی کستانتینۆ لەسادیلۆ و سان بلمیریۆ بەردەوام بەسەرکەوتوویی ساز دەکرێن؟ ئایا هێشتا ئاهەنگە گەورەکانی قەدیس ئیزیدۆر بەردەوامن؟ ئاخۆ هێشتا لەشەقام و کۆڵانەکاندا ئاڵای چوار کەشتیوانەکە بەرز دەکرێنەوە؟ ئایا هێشتا کاپتەنە دەریاوانەکان جلوبەرگی سوپای پێشوو دەپۆشن؟ تۆ دەزانیت هەموو ئەو شتانە هەمیشە جێگەی بایەخی من بوون. سەبارەت بە بەوبابەتانە بۆم بنووسەو پێتوانەبێت ئەوانە شتی بێ ماناو تورەهاتن.

ماوەیەکی زۆرە هەواڵی منداڵەکانم نازانم و بەهیوام باش بن .

بەسۆزە تۆو گشت لایەك لەماڵەوە ماچ دەکەم.

نینۆ

**٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧**

**دایکی نازدارم**

**ماوەیەکە هیچ نامەیەکم لەتۆوە پێنەگیشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوورم لەسەرئەوەی لەبەر چەند هۆکارێك بۆتربنووسم:**

**١-چونکە من هەست دەکەم ماوەی چەند مانگێکە نامەگۆڕینەوەکانم رێکخراو نین لەوەی کە دەینێرم و لەوەش کە پێمدەگات و هەرنامەیەکی تریش کە رەوانە دەکرێت دەرفەتێکی ترە بۆ ئەوەی دوو نامەی تر بگەن.**

**٢-چونکە رەنگە لەلایەن دادگاوە لەمیلانەوە بەرەو رۆمابگوازرێمەوە، هەروەها ماوەی چەند هەفتەیەکیشە نەمتاوانیوە بنووسم. پێویست لەوە نیگەران بیت و بەتەواوەتی لێم دڵنیابە کە ئەم کەیسە بەکۆتاییەکی باش و خێرا تەواو دەبێت یان دووساڵ دەخایەنێت. لەهەموو ئەوانەشەوە فێری چاوەڕوانی و دان بەخۆداگرتن بووم. سڵاوی گەرمم بۆ هەمووان. ماچتدەکەم**

**نینۆ.**

**٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧**

**دایکی بەخشندەم**

**نامەیەکی کارلۆم لەرۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەم و نامەکەی تۆشم لە٢٥ی مانگ پێگەیشت. زۆر بەگەرمی سوپاسی کارلۆ بکە لەبەرامبەر ئەو پارەیەی کە بۆی ناردوم. پێشیبڵێ لەئێستادا کاتی تەواوم لەبەردەستدایە هەر کات پێویستی کرد بێ دوودڵی بۆی دەنووسم. دیسان نامەوێت زیاد لەتوانای خۆی لەپێناو مندا قوربانی بدات. کەسیش نازانێت کەی دەتوانم قەرزەکەی بدەمەوە.**

**زانیاریم نیە کەچیت لەرۆژنامەکاندا لەبارەی دادگاییکردنەکە خوێندوەتەوە. چونکە ماوەی چەند مانگێکە رۆژنامەکان ناخوێنمەوە و لەوبڕوایەشدام وەك لەنامەکەی پێشوودا بۆم نووسیبوویت بەرەو رۆما دەگوازرێمەوە. بەڵام پێچەوانەکەی روویدا و ماوەی چەند رۆژێکیشە پێیان راگەیاندوم کە دادگایی کردنەکە لەکۆتایی کانوونی دووەم یان لەسەرەتای مانگی شوبات بەڕێوەدەچێت.**

**کەوابوو بۆچەند مانگێکی تر لەمیلان دەمێنمەوە،ئەوەش بۆمن زۆر گونجاوە چونکە سەفەر کردم لەم وەرزەدا خۆش نییە بەتایبەتیش بۆ کەسێکی بەندکراو. پێویستە نیگەران نەبیت و دەمەوێت دڵنیاشت بکەمەوە کەمن ئۆقرە گرتوو و ئارامم.**

**ئای لەو دایکانەی کە ئەگەر هەمیشە جیهان لە ژێر دەستیاندا دابنرایە ئەوا پیاوان لەنێو ئەشکەوتەکان بەپۆشاکێکی لەچەرم دروستکراو دەمانەوە.**

**پێویست ناکات لەتەندروستیم نیگەران بیت و ناشمەوێت لەلایەن کەسانێکی نەفس نزمەوە بەهەرشێوەیەك بێت هەواڵت پێبگەیەنن( ئەفسووس ئەوە راستە کە هەواڵی نادروست دەگات، ئەگەر لەو پەڕی جیهانیش بێت). تەنیا باوەڕ بەوە بکە کە من پێتدەڵێم، چونکە من تەنیا من خۆم دەزانم چیمە و پاشانیش هیچ هۆکارێك نییە تا راستیت لێ بشارمەوە.**

**خوشکم(زڕخوشك)هێشتا لەمیلانەو وەك منداڵ نازم دەکێشێت. ئەو رۆژانە شتێکم بۆ رەوانە دەکات تا هەستی ئازادبوونم پێببەخشێت لەوەی هەر شتێك بخۆم کە حەزم**

لێیەتی. نەمتوانی قەناعەتی پێبهێنم بەگەڕانەوەی بۆ ڕۆما.  بە تایبەتیش لەم ماوەیەدا کەکەش و هەوای میلان باش نییە.
دواجار  هەواڵی مناڵەکانم پێگەیشت، گەورە دەبن و تەندروستیشیان باشە. جۆلیا بۆ ماوەی چەند مانگێك نەخۆش بووە. من بەداخم بەمردنی ماریا دۆمنیکائامۆژنم. ئەو سەرباری سەرسەختی لەناخدا کەسێکی باش بوو. بەدڵنیاییەوە ئەو تەنیا کەسی نزیکمان بوو کە نیان بوو (لەپاش سیراڤینۆی مام). هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی هەموو ئەو کەسانەم لەیادە، کاتێك کە منداڵ بووین. بیرمە کە دەچووم بۆ ماڵی ئامۆژنە ماریا دۆمنیکا و بەگەرمی پێشوازی لێدەکردم. پێشمولیە  تۆ هەندێك شت دەزانیت کە من باسیان ناکەم.
دایکی شیرینم .هەموان بەسۆزەوە ماچ بکە و ماچی زۆریشم بۆ تۆ.
نینۆ

**٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧**

**دایکی میهرەبانم**

**ماوەی چەند هەفتەیەکە هیچ هەواڵێکی تۆو کارلۆم پێنەگەیشتوە. بێشك پێمڕاگەیاندیت کە بۆماوەیەکی تریش لەمیلان دەمێنمەوە. تائێستا ئەو کتێبانەم پێنەگەیشتون کەپێتوتم. باری تەندروستیم خراپ نییە و بەم دواییانەش تەندروستیم باشە.ئەنریکۆ تولی(١٨٩٢-١٩٤٢)م لەگەڵە لەزینداندا(ڕۆژنامەنووس و هاوڕێی گرامشی بوو کە ئەویش زیندانی کرابوو)، بوونی یارمەتیدەرمە لەوەی بەرگەی زۆری بێزای بگرم و حەزم بۆ خواردن بچێت. بەهیوام نامەکانتم لەرۆژانی داهاتوودا بەدەستبگات،ئیتر ئەو دەم دەتوانم زۆرت بۆبنووسم.**

**هەواڵی باشم لەبارەی جۆلیاو منداڵەکانمەوە پێگەیشتوە. دلیۆ بەشێوەیەکی باش گەورە دەبێت و ئێستا تەمەنی بووە بە٤٣مانگ و درێژیشی یەك مەترە.**

**بەدلەیەکی تەمەن پێنج سالآنیان لەرۆما بۆکڕیوە بەبەری دەبێت و بۆی گونجاوە،جگە لەوەش گەشەکردنی ئەقلی هاوتای گەشەکردنی جەستەیەتی و ئەوەش مایەی گەشبینییە.**

**ئەگەر ویستت نامەیەی بۆ بنێریت باشتر وایە لەرێگەی ناونیشانی خاتوو ئیزابیلا گالی-فیا مۆنتبیلۆ،٧،میلانۆوە بێت، ئەو خانمەی خانووەکەی پێداوە بەکرێ. جا ئەگەر ئەویش سەفەری رۆما نەکات باشە چونکە رۆژ لەدوای رۆژ ئەگەری سەفەرکردنی زیاتر دەبێت. باشتریش وایە ئەو شتانە نەنێرن کە بەخێرایی لەناودەچن، رەنگە لە یەکەم رۆژی ساڵی نوێشدا نامەکەتان بگات.**

**بەبۆنەی چەژنەکانی کریسمسەوە پیرۆزبایی زۆرتان لێدەکەم و بەهیوان بەبێ خەم و خەفەت بەسەری بەریت و ئاواتەخوازیشم دەرفەتی ئەوە بڕەخسێت لەجەژنەکانی تری کریسمسدا پێکەوەبین تابکەوینە خواردنی گۆشکی ئەو ئاسکانەی لەتەنوردا دەبرژێنرێن. بەسۆزەوە ماچی تۆو ئەندامانی تری خێزانەکەم دەکەم**

**نینۆ**

**١٢ی كانونی یەكەمی ١٩٢٧**

**دایكی شیرینم**

**نامەكەتم لە٣٠ی مانگی تشرینی دووەم بەدەستگەیشت.ئەویش پاش مانگێك لەبێ ئاگابوونم لەهەواڵت. ئاسوودە دەبم ئەگەر هەر ١٥رۆژ جارێك نامەم بۆ بنووسیت. چونكە تەنیا ئەو نامانە دەتوانن ئاهێكم لەم ژیانە بێزراوەدا پێدا بهێننەوە چونكە بێ ئاگایم لەهەواڵەكان ئازارێكی راستەقینەیە. نازانم نووسین ئازارەكانت سووك دەكات و دڵنیاییت پێدەدەن. پێویست ناكات هەرگیز بەگومانەوە لە ئارامیی رۆحیم بڕوانیت . من نەمنداڵم و نەساواشم. ئەی تۆ پێتواییە هەمیشە ژیانم نووسراوو ئاراستەكراو بوو بەپێی بیروباوەڕی شەخسیم؟ كە بەدڵنیاییەوە حەزێكی كاتی و سەرپێی ساتەوەختیی نەبووە . ئەگەر زیندان وەسیلەیەك نەبێت بۆ كات بەسەربردن یاخود لانی كەم وەك زەرورەتێك ئەوا بۆمن هۆیەكە بۆ بەرەنگاریبوونەوە و زیندان نامترسێنێت و بێهیوام ناكات، هەرچەندە باری تەندروستیم كەمێك نیگەرانم دەكات بەڵام دیسان زیندان هەندێك متمانەی بۆ گەڕاندومەتەوە.**

**ئەم ئەزموونەم بۆی سەلماندوم كە من بەهێزم تەنانەت لەرووی جەستەیشەوە،زیاتر لەوەی كە خۆم زانیومە، هەموو ئەو فاكتەرانە پشكدارن لەوەی كە بەدیدێكی ساردو هێمن لەداهاتووی نزیك بنۆڕم.**

**حەز دەكەم تۆش تەواو لەوە دڵنیا بیت.**

**٢ی کانوونی دووەم ١٩٢٨**

**دایکی ئازیزم**

**چۆن ئەم جەژنانەت بەسەربرد؟بەهیوام لە باشترین باردا بیت و تەندروست و لەش ساغ بیت. منیش جەژنم بەشادەیی و ساکاری بەسەربرد ، بەڵام باری تەندروستی...!**

**حەزم دەکرد بروسکەیەکی پیرۆزبایت بۆ بنێرم کە لەجەژنی کریسمسدا بە زویی پێتبگات بەڵام رێگەی ئەوەیان پێنەدام. پێدەچێت رێگە بە بەندکراوان نەدرێت لەکاتی دیاریکراوو گونجاو بەجەژنی خێزان پیرۆزبایی بنێرن، کە ئەوەش دایە گیان زۆر ئازاری دام.**

**بەهەرحاڵ ئەوە ساڵێکی تریش زۆر بەخێرایی کۆتایی هات و بۆمنیش بێ سوود نەبوو.زۆر شت فێربووم کە بەشێوەیەك لەشێوەکان لێی بێ ئاگابووم. کۆمەڵێك دیمەنم بینی کە پێشتر دەرفەتی بینینیانم نەبوو. بەکورتی من بێزر نیم لەساڵی ١٩٢٧ کە ئەوەش بۆ بەندکراوێکی وەك من گرنگە، ئەی تۆ پێتوا نییە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەدا واتای ئەوە نییە کە من بەندکراوێکی هەڵاوێردکراومو بەهیوام کە هەمیشە پارێزگاری بەم سیفەتە بکەم.**

**تۆو ئەندامانی خانەوادەکەم بەگەرمی ماچ دەکەم.**

**نینۆ**

**٦ی شوباتی ۱۹۲۸**

**دایکی هێژام**

**لەهەفتەی رابردوودا دوو نامەی تۆم بەدەست گەیشت یەکەمیان لە۲٥ی کانوونی دووەم و دووەم نامەش مێژووی ۱ی شوباتی لەسەرەو ۲۰۰ لیرەشی تێدابوو.**

**بۆیەکەمین جارە نامەی تۆم لەکاتێکی گونجاودا بەدەستدەگات، دڵنیات دەکەمەوە باری تەندروستیم باشە و خۆ ئەگەر لە ماوەکانی رابردوشدا چەند نامەیەکی کەمم بۆ نووسبیت ئەوا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ هەواڵێکم لەتۆوە بەدەست نەگەیشتووە.**

**ماوەی ۱٥ رۆژە دەرزی بیوپلاستینم لێدەدەن و بەوەش باری تەندروستیم ئۆقرەی گرتووە. لەلایەکی تریشەوە بەشێکی وەرزی زستانم بەبێ کێشەی تەندروستی بەسەر برد ، بەڵام زستان تووشی سەرما بردووی و تەزینی کردم. کە هەرگیز دووچاری ئەوە بووم. دەمەوێت دان بەوەدابنێم کە بەستوومەو خوێنیشم کەمێك ساردبووە. هەردوو نامەی دواجارت تورەیان کردم .بەهیوام هیچ جۆرە سرووتێکی ئاینی نەکەیت بۆ ئەوەی دادگایی کردنەکەم وەك خۆی بەرێوە بچێت! لەبەرامبەر ئەو مەسەلانە نیگەران مەبە. من زۆر ئارامم و ئارامتریش دەبم کاتێك دڵنیابم کە تۆ هێمن و ئارامیت.ئەی جا بۆ وا نابیت؟ ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕوانمە وەك دەڵێیت ،شتێکی سامناك نیە و بەسادەیی تەنیا مەسەلەکە کات و دان بەخۆداگرتنە.**

**سوپاسی زۆرم بەکارلۆ بگەیەنە لەبەرامبەر نامەکەی و هەمموانیش بەگەرمی ماچ بکە..ماچی زۆریشم بۆ تۆ.**

**نینۆ**

**بۆ جارێکی تر تاتانیا نەخۆش کەوتوەتەوەو ئێستا لەنەخۆشخانەیە. خراپی کەش و هەوای شاری میلان و خۆماندوکردنی بەمنەوە بۆ ئەوەی خواردنم بۆ بهێنێت لەپشت نەخۆش کەوتنەکەیەوەن . پێموایە سەرباری ئەوەی زیندانیم بەڵام لەهەمووتان باشترم.**

**ئێستا  تاتیانا بەرەو باشبوون دەچێت و قۆناغی شڵۆقیی هەوکردنی سییەکانی تێپەڕاندوەو دوا هەواڵێش لەبارەی مناڵەکانمەوە باشە.**

**١٢ی مارسی ١٩٢٨**

**دایکی خۆشەویستم**

**لەونامەیەمدا کە مێژووی ٥ی مارسی لەسەرە. هەڵەیەکم کردووە و ڕەنگە بۆخۆشت بۆت ڕاستکردبێتمەوە، نامەکەتم لە٤ی شوباتدا بەدەستگەیشت و لە٦ی شوبات وەڵامم دایتەوە تائاگادارت بکەمەوە. کەوابوو مەبەست لەکانوونی دووەم نەبوو وەك ئەوەی بۆم نووسیبوویت بەڵکو مەبەستم شوبات بوو.**

**بەم دواییانە هەواڵی جویلیاو منداڵەکانم پێگەیشت. لیو تەندروستی باشە بەڵام بچکۆلەکەیان بۆ چەند هەفتەیەك تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بووە و ئەوەش بووەتە هۆی دواکەوتنی گەشەی ددان و فێربوونی ئاخاوتن، بەڵام دواتر باری تەندروستی باش بوەتەوە. وردەکاری زۆرم بۆدێت بەڵام لەبارەی منداڵەکانەوەیەو ئەوەش بەردەوام دووبارە دەبێتەوە بۆیە بۆت باس ناکەم. بەڵام هەموو جارێك دایکەکان لەوبڕوایەدان هەواڵەکانی پەیوەست بەمنداڵەکانیان ناوازەو جێی سەرسامبوونن.**

**پێموایە چوونم بۆ ڕۆما لەپێناو دادگاییکردندا نزیك بوەتەوە و لەوانەیە بەم نزیکانە بچین.هەوڵدەدەم لەڕێگەی بروسکەیەکەوە لەوادەی چوونەکەم ئاگادارت بکەمەوە، تا بەناونیشانی ئەو زیندانە نوێیە کە لەڕۆمایە نامەم بۆ بنێریت.**

**بۆجارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە پێویست ناکات نیگەران بیت لەکەڵەبوونی ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەکان بەبڵاوکردنەوەی شاگەشکە دەبن.**

**بەهەمان تۆمەت و هەمان مەرجەعیەتی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٢٣ کاتێك کە لەدەرەوەبووم، دادگایی دەکرێمەوە.**

**پێشتریش لە یەکەمین دادگاییکردندا هیچ تۆمەتێکمان بەسەردا ساغ نەبوەوە سەرباری بوونی بەڵگەنامەیەك بە واژۆی هەمان ئەو تۆمەتبارانەی کە ئیعترافیان کردبوو. ئەم جارەیان بەدڵنیاییەوە بەچەند ساڵێك سزا دەدرێم سەرباری ئەوەی ئەو**

**تۆمەتەی کە ئاراستەم کراوە پشتی بەراپۆرتێکی پۆلیس و مەزەندەکردنی ناڕوون و بێ بەڵگە بەستووە.**

**بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان ١٩٢٣و١٩٢٨ ئەوا بیرۆکەیەکمان لەسەر قەبارەی " مەترسی" دادگاو تایبەمەنییەکانی لادروست دەبێت. لەبەر ئەوەهۆیەشە بەهێمنی ماومەتەوە. رەنگە پێتوابێت ئەوەی کە گرنگە ئەو وردەکارییە لاوەکیانە نییە بەڵکو هەقیقەتی کردەیی دادگاکە و سزای زیندانە.**

**بەڵام پێویستە هەڵوێستی ئەخلاقییش بەهەند وەربگریت.ئایا تۆ لەوەدا لەگەڵم کۆکیت؟ رەنگە تەنیا هەرئەمەش هێزو کەرامەت ببەخشێت.**

**زیندان بۆخۆی شتێکی سامناکە بەڵام بۆمن سەرشۆڕییە ئەگەر لەبارێکی لاوازی ئەخلاقیدا بم و لەوەش خراپتر کە ناپاك بم، لەبەر ئەوە پێویست ناکات نیگەران بیت و زۆر غەمباریش مەبە ، تا وابیرنەکەیتەوە کە شکست و بێ ئومێدبوون چۆکم پێدادەدەن. پێویستە لەگشت بارەکاندا دانبەخۆداگرتوو بیت و باوەڕ بە بێ سەروبەرییە نەکەیت کە رۆژنامەکان لەبارەی منەوە بڵاویدەکەنەوە.**

**بەهیوام دوا نامەکانی منت هەرهەموویانت بەدەستگەیشتبێت. بەبۆنەی ساڵی لەدایکبوونتەوە پیرۆزبایی گەرمت ئاراستە دەکەمەوە.**

**بەتامەزرۆییەوە ماچت دەکەم.**

**ئەنتۆنیۆ**

**٢٦ی مارسی ١٩٢٨**

**دایکی ئازیزم**

**پاش سێ ڕۆژ نامەیەکی تۆم بەدەست گەیشت کە بەرواری١٢ی مارسی لەسەرە. من دەمتوانی دەست بەجێ واتە ڕۆژی دووشەممەی رابردوو پێتڕابگەیەنم ، بەڵام من پێشتریش لەرێگەی ئەو نامانەی کە هەفتانە ڕێگە پێدراون بۆم نووسیبوویت لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەمدزانی کە ئەوە زوڵمێکی گەورە لەتۆدەکات. سوپاسی گەرمی تۆو کارلۆ دەکەم.**

**وەك دەبینیت هێشتا بۆ ڕۆما نەگوازراومەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دوور نییە. بەهەرحاڵ ئەوە تەنیا مەسەلەی ڕۆژە نەك مانگ وەك جارەکانی پێشوو. پێشوەخت لەلایەن لیژنەی نوێنەرایەتی سەر بەدادگای تایبەت ئاگادار کراومەتەوە. بەڵام دوای ئەوەی هیچ شتێکی ترم پێنەگەیشتووە.**

**ئەوان هیچ تۆمەتێکی بەڵگەداریان لەدژی من پێ نییە، کە پشت بەدۆکیومێنت و شایەتی ببەستێت. تەنیا چوار پۆلیس تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە من بەرپرسیارم لەوەی کە ساڵی ١٩٢٦لە ئیتاڵیا و لەبەروبوومی کشتوکاڵی لەو ساڵەدا ڕوویداوە.**

**پێشموایە ئەوان سەردانەکەی ساڵی ١٩٢٤ی منیان بۆ گیلارزا وەك تۆمەتێکی تر زیادکردوە.**

**هائەوەتا کە تۆ شتێکی کەم لەمەسەلەکە دەزانیت و گلەیی لەغیابی من دەکەیت کە هەرگیز نامبینیت. بەڵام لەبەختی خۆم من زۆر سەفەر ناکەم. بێگومان هەموو ئەمانە وەهمی ئەوەت لادروست نەکەن کەمن ئازاددەبم. پێویستە باوەڕ بە بیرۆکەی دادگاییکردنم بکەیت کەبۆ ماوەی چەند ساڵێك لەزینداندا دەمێنمەوە، کە بەهیوام زۆر نەبێت. من لەئێستا بەدواوە بەباشی رادێم لەسەر بەرگەگرتن و ئاواتەخوازیشم مەسەلەکە بەخێرایی گوزەر بکات و بەسەر تاشراوی و بەجلوبەرگی بەندکراوەوە ڕەوانەی زیندانم بکەن. ئیتر ئەو کات بەیەکجاری کۆتایی بە ئازاری ژن خوشکەکەم**

دێت، بۆنموونە تا لەگەڵمدا بێت و بایەخم پێبدات، ئەو بۆماوەی شەش مانگ لەیەك ساڵدا لەنەخۆشخانە مایەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەهۆی لاوازی و نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانە ماوەتەوە.

بەر لەچەند رۆژێك هەواڵی خۆشی جۆیلیاو منداڵەکانم پێگەیشت. باوەڕبکە من زۆر ئارامم و رۆژ لەدوای رۆژیش بەهێزتر دەبم . تۆ خۆت باش دەزانیت من هەرگیز زۆر عاتیفی نەبووم و ئەوەش غەمباری دەکردیت. رەنگە لەمرۆدا هیچ لەو سۆزەشم نەمابێت کە لەرابردوودا هەمبوو، ئەمرۆ دڵم بوەتە ئاسن و بەرد و پریشکی لێدەبێتەوە. بەڵام تۆو کەسانی تریش خاوەنی هێزێکی پۆلاینن.

بەتامەزۆرییەوە ماچت دەکەم.

نینۆ

**٥ی مارسی ١٩٢٨**

**دایکی شیرینم**

**لەناخەوە داوای لێبوردنێکی زۆر دەکەم کە لەماوەی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتدا ئەو نامانەی منت بەدەست نەگەیشتوون کە بۆم ناردویت و ئەوەش گومانی ئەوەی لادروستکردویت کە من نەخۆشم. هەروەك ئەوەی لەو نامەیەدا باست لێکردوە کە مێژووی ٢٧ی شوباتی لەسەرە و بەخێرایی بەدەستم گەیشت.**

**لەوماوەیەدا لانیکەم من شەش نامەم بۆ نووسیویت و ڕەنگە بەم دواییانە هەموویت بەدەست گەیشتبێت.**

**ئەوەبوو هەر ١٥ ڕۆژ جارێك و هەندێك جاریش هەفتانە نامەم بۆ نووسیوویت. ئەو نامەیەت کە مێژووی ٦ی کانوونی دووەمی لەسەرە لە٩ی هەمان مانگدا بەدەستم گەیشت و ئەوەشم پێڕاگەیاندیت ، هەورەها ماوەی چەند هەفتەیەکیشە نامەیەکم لە تریسینا بەدەستگەیشتوە کە وێنەی مندالەکانی لەگەڵدابوو،هەربۆیە زوو وەڵامم دایەوە.**

**بەداخم کە ئەم ڕەوشە ناهەموارە کاریگەری لەسەر ورەت دەبێت، بەڵام ناکرێت هەمیشە شتی خراپ بەخەیاڵتدا بێت و مەزاج و باری دەروونی خۆت بەردەوام تێکبدەیت. تۆ باش دەزانیت ئەگەر من نەخۆش بم و بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبارێکی ناجێگیردا بم ئەوا دەستبەجێ پێتدەڵێم،چونکە پێموایە ئەگەر پێتڕانەگەیەنم ئەوا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت.**

**کەوابوو تۆ هەڵەیت ئەگەر پێتوابێت من خەمبارودەستەمۆی بێهیوابوونم. من هەرگیز وانیم و لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ڕۆژ لەبەزم و خۆشیشدا نیم بەڵام خەمۆك و هەناسەساردیش نیم وەك ئەو قەلە ڕەشەی لەسەر درەختی سنەوبەر لە نێو گۆڕستان نیشتوەتەوە.**

**بەڕاستی من هەست بە ئارامی و هێمنی دەکەم هەروەك چۆن هەر کەسێك کەخاوەنی ویژدانێکی زیندوەو بەدوور لەوەهم لەژیان دەنۆڕێت. حەزناکەم وابیر**

بکەیتەوە من بێهیوام، خۆ ئەگەر کەسێکی تر جگە لەتۆ بەوجۆرە لێیبڕوانیمایە ئەوا هەستم بەسووکایەتی و ریسوایی بەردەوام دەکرد.  نەفرەت بێت خۆ منداڵێکی هارو هاجیش نیم خۆم دووچاری تەنگژە بکەمەوە بەڵام ئەوەتا دیسان سەرنج بدە هەڵدەچم و لێت تورە دەبم ، بەڵام ناشزانم چۆن باوەڕتپێبهێنم تا پارێزگاری لەئارامی و هێمنی خۆت بکەیت. ئایا دەتەوێت بەرەقی مامەڵەت  لەگەڵ بکەم تا باوەڕم پێبکەیت؟

هەست بەخەمێکی زۆر دەکەم بەهۆی مەرگی نینا کۆریاسی داماو. پێوایە ئەو خانمێکی دڵ گەورە بووو سەرباری ئەوەی خاوەن رووخسارێکی لەخۆبایی بوو. کە بەدڵنیایشەوە کەمێك خۆشی بەخشیبووە فەزای گیلارزا بەبێ ترس لەبەریەککەوتنی لەگەڵ بڕیارە پێشوەختەکانی دامەزراوەو تاکەکان.بیرتە ئەو بازنە ژنانەیەی  کە دایمەزراندبوو؟ کاتێکیش برا جابییەکەی  بەبێ قەدداسی کڵێسا بەخاك سپارد؟چ فەرتەنەیەك روویدا! چ هەراو بەزمێکی نایەوە. هەموو ئەوانەم لەبیرە هەروەك چۆن دەستپێشخەرییە پێشکەوتووخوازانەکەیم لەیادە کە کەمێك خستمیە پێکەنین. پێموایە دەستپێشخەرییەکەی جددی و لەقەناعەتێکی پڕ لە راستگۆیی دەرچووبوو.[17]  ئایا  بەر لەمردنی دانی بە مەراسیمەکانی کڵێسادا نابوو؟ ئایا مامە فرانشیسکۆ لەژیاندا ماوە؟ ئەو هەستەم لادروستبوە کە جیوفانتا مردوە بەڵام لەوەش دڵنیا نیم. هەواڵی نیشتمانم زۆر بەلاوە گرنگە. وابیرنەکەیتەوە کە ئەوەتەنیا پروپاگەندەیە یان نیگەرانم دەکات.بەڵام هێشتا هەر فزولێم و ئەو شتە بچووکانە بەهەند وەردەگرم.

پاشان چی؟ دەتەوێت هەر هەفتەیەك  لەگیلارزا تەقەمەنی دابهێنن؟دیسان هەواڵی کرۆنکۆو بریتشی ئیلیشیدیۆو تیا جوانا کولامونتیجیم بەلاوە گرنگە.ئەوانە

---

[17] - نینا کۆریاس، ئامۆژنی  دایکی گرامشییە، کەپیشەی مامۆستا بووە و لەگەڵ گراتیسیا دلیدا لەرۆما لەپەیوەندیدا بوەو پێکەوە لەگەڵ گیلارزا بازنەیەکی ئافرەتانیان دروستکروە و لەنیوشیدا خوشەکانی گرامشی تێدا بووە. پرسەی براکەی لە١٩٠٥ کە بەرێوەبەری قوتابخانە بوە، بەدوور لەسروتە ئاینییەکان و ناڕەزایی پیاوانی ئاینی و بەبەشداری سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە بەرێوەچوو.

**کەسانێکی رەسەنن بۆ خۆیان و کەمێك پێچەوانەی دانیشتوانی شارە پێشکەوتووەکانن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە کەسانێکی زۆر بێزارن و تەنیا سڵاووموجامەلەم لەگەڵیاندا هەیە.**

**بەکورتی: من زۆر باشم و خەمبار نیم و بەبۆنەی ساڵی نوێی لەدایکبوونیشیتەوە هەموو جۆرە پیرۆزباییەکت ئاراستە دەکەم.وێنەیەکی جوانی خۆتم بۆ بنێرە، بەڵام باوێنەکە لەماڵەوە بێت و بەدوور بێت لەخۆ رازانەوە، ئەی وانییە؟با زۆر رێکپۆش نەبیت بەتامەزرۆییەوە ماچت دەکەم.**

**نینۆ**

**١٢ی مارسی ١٩٢٨**

**دایکی خۆشەویستم**

**لەونامەیەمدا کە مێژووی ٥ی مارسی لەسەرە. هەڵەیەکم کردووە و ڕەنگە بۆخۆشت بۆت ڕاستکردبێتمەوە، نامەکەتم لە٤ی شوباتدا بەدەستگەیشت و لە٦ی شوبات وەڵامم دایتەوە تائاگادارت بکەمەوە. کەوابوو مەبەست لەکانوونی دووەم نەبوو وەك ئەوەی بۆم نووسیبوویت بەڵکو مەبەستم شوبات بوو.**

**بەم دواییانە هەواڵی جویلیاو منداڵەکانم پێگەیشت. لیو تەندروستی باشە بەڵام بچکۆلەکەیان بۆ چەند هەفتەیەك تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بووە و ئەوەش بووەتە هۆی دواکەوتنی گەشەی ددان و فێربوونی ئاخاوتن، بەڵام دواتر باری تەندروستی باش بوەتەوە. وردەکاری زۆرم بۆدێت بەڵام لەبارەی منداڵەکانەوەیەو ئەوەش بەردەوام دووبارە دەبێتەوە بۆیە بۆت باس ناکەم. بەڵام هەموو جارێك دایکەکان لەوبڕوایەدان هەواڵەکانی پەیوەست بەمنداڵەکانیان ناوازەو جێی سەرسامبوونن.**

**پێموایە چوونم بۆ ڕۆما لەپێناو دادگاییکردندا نزیك بوەتەوە و لەوانەیە بەم نزیکانە بچین.هەوڵدەدەم لەڕێگەی بروسکەیەکەوە لەوادەی چوونەکەم ئاگادارت بکەمەوە، تا بەناونیشانی ئەو زیندانە نوێیە کە لەڕۆمایە نامەم بۆ بنێریت.**

**بۆجارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە پێویست ناکات نیگەران بیت لەکەڵەبوونی ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەکان بەبڵاوکردنەوەی شاگەشکە دەبن.**

**بەهەمان تۆمەت و هەمان مەرجەعیەتی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٢٣ کاتێك کە لەدەرەوەبووم، دادگایی دەکرێمەوە.**

**پێشتریش لە یەکەمین دادگاییکردندا هیچ تۆمەتێکمان بەسەردا ساغ نەبوەوە سەرباری بوونی بەڵگەنامەیەك بە واژۆی هەمان ئەو تۆمەتبارانەی کە**

**ئیعترافیان کردبوو.[۱۸] ئەم جارەیان بەدڵنیاییەوە بەچەند ساڵێك سزا دەدرێم سەرباری ئەوەی ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەم کراوە پشتی بەراپۆرتێکی پۆلیس و مەزەندەکردنی ناڕوون و بێ بەڵگە بەستووە.**

**بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان ۱۹۲۳و۱۹۲۸ ئەوا بیرۆکەیەکمان لەسەر قەبارەی " مەترسی" دادگاو تایبەمەنییەکانی لادروست دەبێت. لەبەر ئەوەهۆیەشە بەهێمنی ماومەتەوە. رەنگە پێتوابێت ئەوەی که گرنگە ئەو وردەکارییە لاوەکیانە نییە بەڵکو هەقیقەتی کردەیی دادگاکە و سزای زیندانە. بەڵام پێویستە هەڵوێستی ئەخلاقییش بەهەند وەربگریت.ئایا تۆ لەوەدا لەگەڵم کۆکیت؟ رەنگە تەنیا هەرئەمەش هێزو کەرامەت ببەخشێت.**

**زیندان بۆخۆی شتێکی سامناکە بەڵام بۆمن سەرشۆڕییە ئەگەر لەبارێکی لاوازی ئەخلاقیدا بم و لەوەش خراپتر کە ناپاك بم، لەبەر ئەوە پێویست ناکات نیەران بیت و زۆر غەمباریش مەبە ، تا وابیرنەکەیتەوە کە شکست و بێ ئومێدبوون چۆکم پێدادەدەن. پێویستە لەگشت بارەکاندا دانبەخۆداگرتوو بیت و باوەڕ بە بێسەروبەرییە نەکەیت کە رۆژنامەکان لەبارەی منەوە بڵاویدەکەنەوە. بەهیوام دوا نامەکانی منت هەرهەموویانت بەدەستگەیشتبێت. بەبۆنەی ساڵی لەدایکبوونتەوە پیرۆزباریی گەرمت ئاراستە دەکەمەوە.**

**بەتامەزرۆییەوە ماچت دەکەم.**

**ئەنتۆنیۆ**

---

[۱۸] - گرامشی دەدرێتە ئەو دادگایە کە لەنێوان ۱۸و۲٦ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۳لە رۆما بەڕێوەچووە لەدژی خۆپیشاندانێکی حزبی شیوعی:" بۆردیگا،گریکۆ،فۆرتیشاری، تیراشینا،..هتد)، و تۆمەتبارکردنیان بەوەی لەدژی فاشیزم رق و کینەی چینایەتیان بزواندووە، بەڵام دواتریش بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست سەرجەمیان ئازاد دەکرێن.

**٢٦ی مارسی ١٩٢٨**

**دایکی ئازیزم**

**پاش سێ ڕۆژ نامەیەکی تۆم بەدەست گەیشت کە بەرواری١٢ی مارسی لەسەرە. من دەمتوانی دەست بەجێ واتە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو پێتڕابگەیەنم ، بەڵام من پێشتریش لەڕێگەی ئەو نامانەی کە هەفتانە ڕێگە پێدراون بۆم نووسیبوویت لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەمدزانی کە ئەوە زوڵمێکی گەورە لەتۆدەکات. سوپاسی گەرمی تۆو کارلۆ دەکەم.**

**وەك دەبینیت هێشتا بۆ ڕۆما نەگوازراومەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دوور نییە. بەهەرحاڵ ئەوە تەنیا مەسەلەی ڕۆژە نەك مانگ وەك جارەکانی پێشوو. پێشوەخت لەلایەن لیژنەی نوێنەرایەتی سەر بەدادگای تایبەت ئاگادار کراومەتەوە. بەڵام دوای ئەوەی هیچ شتێکی ترم پێنەگەیشتووە.**

**ئەوان هیچ تۆمەتێکی بەڵگەداریان لەدژی من پێ نییە، کە پشت بەدۆکیومێنت و شایەتی ببەستێت. تەنیا چوار پۆلیس تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە من بەرپرسیارم لەوەی کە ساڵی ١٩٢٦لە ئیتاڵیا و لەبەروبوومی کشتوکاڵی لەو ساڵەدا ڕوویداوە.**

**پێشموایە ئەوان سەردانەکەی ساڵی ١٩٢٤ی منیان بۆ گیلارزا وەك تۆمەتێکی تر زیادکردوە.**

**هائەوەتا کە تۆ شتێکی کەم لەمەسەلەکە دەزانیت و گلەیی لەغیابی من دەکەیت کە هەرگیز نامبینیت. بەڵام لەبەختی خۆم من زۆر سەفەر ناکەم. بێگومان هەموو ئەمانە وەهمی ئەوەت لادروست نەکەن کەمن ئازاددەبم. پێویستە باوەڕ بە بیرۆکەی دادگاییکردنم بکەیت کەبۆ ماوەی چەند ساڵێك لەزینداندا دەمێنمەوە، کە بەهیوام زۆر نەبێت. من لەئێستا بەدواوە بەباشی ڕادێم لەسەر بەرگەگرتن و ئاواتەخوازیشم مەسەلەکە بەخێرایی گوزەر بکات و**

**بەسەر تاشراوی و بەجلوبەرگی بەندکراوەوە رەوانەی زیندانم بکەن. ئیتر ئەو کات بەیەکجاری کۆتایی بە ئازاری ژن خوشکەکەم دێت، بۆنموونە تا لەگەڵمدا بێت و بایەخم پێبدات، ئەو بۆماوەی شەش مانگ لەیەك ساڵدا لەنەخۆشخانە مایەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەهۆی لاوازی و نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانە ماوەتەوە.**

**بەر لەچەند رۆژێك هەواڵی خۆشی جۆیلیاو منداڵەکانم پێگەیشت. باوەڕبکە من زۆر ئارامم و رۆژ لەدوای رۆژیش بەهێزتر دەبم . تۆ خۆت باش دەزانیت من هەرگیز زۆر عاتیفی نەبووم و ئەوەش غەمباری دەکردیت. رەنگە لەمڕۆدا هیچ لەو سۆزەشم نەمابێت کە لەرابردوودا هەمبوو، ئەمڕۆ دڵم بوەتە ئاسن و بەرد و پریشکی لێدەبێتەوە. بەڵام تۆو کەسانی تریش خاوەنی هێزێکی پۆلاینن.**

**بەتامەزۆرییەوە ماچت دەکەم.**

**نینۆ**

**٣٠نیسانی ١٩٢٨**

**دایکی هێژام**

**وێنەی دلیۆت بۆ دەنێرم**

**کاتی دادگاییکردنەکەم لە٢٨ی مایس دیاریکرا. ئەم جارەیان رۆیشتنم دواناکەوێت.لەگشت بارێکدا مەسەلەی بروسکەکانت بۆ یەکلایی دەکەمەوە. تەندروستیم باشە و لەگەڵ نزیك بوونەوەی کاتی دادگاییکردنەکەش تەندروستیم باشتر دەبێت، خۆهیچ نەبێت لەم رۆتینە رزگارم دەبێت. نیگەران مەبە و ئەنجامی دادگاییکردنەکەش هەرچییەك بێت بێزار مەبە. پێموایە بە ١٤بۆ١٧ساڵ حوکم دەدرێم بەڵام ئەوەی کە زۆر بێزراوە ئەوەیە ، ئەوان بەڵگەیەکی راستەقینەی دژبە منیان پێ نییە، دەبێت من چۆن تاوانێکم کردبێت کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە؟**

**پارێزگاری لە ورەی بەرزی خۆت بکە.**

**نینۆ**

**١٠ی مایسی ١٩٢٨**

**دایکی شیرینم**

**من لەوپەڕی ئامادەیدام بۆ ئەوەی بەرەو رۆما بچم.[١٩] دیارە چوونەکەشم لەئێستادا تەئکیدی لێکراوەتەوە. بەمەبەست ئەم دەرفەتەم دروستکرد تا ئەم هەواڵە بەپەلەیەت پێڕابگەیەنم و لەئێستاشەوە نامەکانم بۆ رۆما بۆ بنێرە.**

**دوێنێ نامەیەکی کارلۆم بەمێژووی ٥ی مارس بەدەست گەیشت و تیایدا بۆینووسیووم کە وێنەیەکی فۆتۆگرافی تۆم بۆ رەوانە دەکات،خۆشحاڵ دەبم بەگەیشتنی ئەو وێنەیە. بەر لە ١٠ رۆژ وێنەیەکی دلیۆم بەپۆستەدا بۆ رەوانەکردیت و رەنگە لەم نزیکانەدا بەدەستت گەیشتبێت.**

**دایکی شیرینم نامەوێت ئەوەی کە پێموتوویت دووبارەی بکەمەوە لەبارەی تەندروستی و ورەم. ئەوەی من لەتۆم دەوێت تا دڵنیابم، ئەوەیە زۆر بێزارو نیگەران مەبە و بەشێوەیەکی سۆزدارانە بیر مەکەرەوە چونکە بڕیارو حوکمەکەی دادگا هەرچییەك بێت ئەوا من بەندکراووتۆمەتبارێکی سیاسیم و پێویست ناکات ئەوە بۆ تۆ مایەس شەرمەزاری بێت. لەقوڵایی ئەم زیندانە و ئەم دادگاییکردنەشدا من بەشێوەیەك لەشێوەکان ویستوومە و خواستوومە و هەرگیزیش ئامادە نیم لەدیدوبۆچونەکانم پاشگەز ببمەوە و لەو پێناوەشدا ئامادەی نەك هەرمانەوەم لەزیندان بەڵکو قوربانیدانم بەژیانیشم.**

**دایکی ئازیزم بەراستی دەمەوێت پڕ بەدڵ و بەهێزەوە لە ئامێزت بگرم تا هەست بەخۆشەویستی قوڵی من بۆ خۆت بکەیت و چەندیش حەزدەکەم لەبەرمبەر ئەو خەمەی کەمن بۆ تۆم دروستکردوە دڵنەوایت بدەمەوە، بەڵام جگە لەوەی کە کردومە هیچی ترم لەدەست نایەت. ئیتر ژیان بەم جۆرە ئێجگار**

---

[١٩] - لەئێوارەی مایسی ١٩٢٨گرامشی زیندانی میلانۆ بەجێدەهێڵێت.

**رەقە. هەندێك جاریش پێویستە رۆڵەکان خەمێکی زۆر بۆ دایکەکانیان دروست بکەن ئەگەربخوازن پارێزگاری لەشەرەف و کەرامەتی پیاوان بکەن.**

**بەتامەزرۆییەوە ماچت دەکەم**

**نینۆ**

**هەر بەگەیشتنم بەرۆما نامەت بۆ دەنێرم. بەکاراۆ بڵێ بەبەختەوەری بمێنێتەوەو منیش زۆر قەرزار باری ئەوم..ماچم بۆ هەمووان.**

٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠

دایکی خۆشەویستم

لەم کاتەدا نامەیەکی کارلۆم بەدەست گەیشت کە ٢٠٠لیرەشی لەگەڵدایە. نەخۆش نیم و هیچ دەردێکیشم نییە. بێ نامەیم پەیوەندی بەهۆکاری ترەوە هەیە. ئەو نامەی نانارۆم پێنەگەیشتوە کە کارلۆ بۆی باسکردم. لەناخەوە بەو هیوایەم کارلۆ لەچارەسەرکردنتدا سەرکەوتوو بێت، پێشموایە زۆر متمانەت بە تەندروستی خۆت هەیە هەروەك ئەوەی لەرابردوودا وابوویت کە هەستت بەهیچ نەخۆشییەك نەدەکرد. لەبەرئەوەش بوو کە پایەندنەدەبویت بە رێنماییەکانی پزیشکەکان و پشتگوێت دەخستن.

پێویستە کارلۆو گرازییتا ناچارت بکەن مل بۆ چارەسەرکردن بدەیت و ئەگەر پێویستیش بکات بەکورسییەکەوە بتبەستنەوە.

پێویستە گرازییتا و خودی کارلۆش گورج و گۆڵتر و نەرم و نیان بن ، ئیتر بەوجۆرە بۆجارێکی تر دەتوانیت لەبەردەم کوورەکاندا رابوەستیتەوەو بشچیتە دەرەوە.

ئای بیبینا مارشیاس!پێویستە کوڕێکی وەك من چاودێری و ناچارت بکات تا چارەسەری خۆت بکەیت و رێگەت پێ نەدات بێ گوێدانە تەندروستیت بەردەوام نەسرەویت.

دایکی بەڕێزم،بۆم بنووسەو لەبارەی تەندروستیتەوە قسەم بۆبکە.ماچی هەموان دەکەم.

تۆش بەگەرمی ماچ دەکەم

ئەنتۆنیۆ

**١٥ی كانوونی یەكەمی ١٩٣٠**

**ئەوەی ڕوودەدات قبوڵكردنی گرانە. ماوەی ٣مانگ زیاترە كارلۆ بۆی نەنووسیوم ، ماوەی دوو مانگ دەبێت دوا نامەم پێگەیشتوە. هەروەها ماوەی مانگ و نیوێكیش دەبێت نامەیەكم لە تریسیناوە پێگەیشتوە و منیش بەنامەیەك وەڵامم دایەوە بەڵام هیچ نامەیەكی تری بەدوادا نەهات( بەدیاریكراوی ماوەی ٤هەفتەیە نامەكەم بۆنووسیووە).**

**لەڕاستیداهۆكاری ئەو بێدەنگییە سەرتاسەرییە نازانم،بۆچی تەنیا ئەگەربەنامەیەكیش بێت كارلۆ ئاگادارم ناكاتەوە؟ تاتیانا لەنامەیەكیدا بۆینووسیووم و دەڵێت نامەیەكی لەكارلۆوە پێگەیشتوەو پێیڕاگەیاندوە زۆر سەرقاڵە و دەرفەتی ئەوەی نییە بەبەردەوامی نامە بنووسێت. پێموایە ئەوە پاساوێكی باوەڕپێهێنەر نییە، دەكرێت بڵێت توانای نووسینی نامەی درێژی نییە بەڵام ئەوەش ناكاتە ئەوەی كە بێدەنگ بێت، وەك وتم دەكرێت ئەوەم بەنامەیەك بۆ ڕوونبكاتەوە.**

**وابەبیرمدا دێت هەندێك كێشەو گرفتم بۆ كارلۆ دروستكردبێت و ئەوەش نەیەوێت و نەزانێت چۆن دۆشدامان و دوودڵی خۆیم بۆ باس بكات.**

**حەزدەكەم دڵنیام بكاتەوە،بۆنموونە داوا لەمیا بكات نامەم بۆ بنووسێت.بەهیواشم هەواڵی زیاترم لەبارەی تەندروستیتەوە بەدەست بگات. ئایا هێزو توانات بەبەردا هاتوەتەوە؟ئەگەر توانای نووسینت نییە، داوا لەیەكێك بكە نامەكانت بۆ بنووسێت و پاشان واژۆی خۆتی لەسەربكە، ئەوە بۆمن بەسە.**

**دایكی خۆشەویستم،ئەمە پێنجەمین جەژنی كرسمسەو منیش لەئازادی بێ بەشم و چوارساڵیشە لەزینداندام.**

لەراستیدا کاتێك لەساڵی ١٩٢٦ لەئۆستیکا جەژنی کرسمسم بەڕێکرد جۆرێك بوو لە ئاسوودەیی و ئازادی تاکگەرایی، بەبەراورد لەرەوشی ئێستای زیندان، بەڵام پێشتوانەبێت ئارامیم لەدەستداوە. چوار ساڵێتر تەمەنم زیادیکردووەو سەریشم لەجاران زیاتر سپیتر بوە و ددانەانیشم کەوتوون و وەك رابردووش لەناخەوە پێناکەنم، بەڵام پێموایە حەکیم تر بووم و ئەزموونی ژیانیشم دەوڵەمەنتر بووە.

سەبارەت بەوەی کە ماوە،ئارەزوووم بۆ ژیان لەدەست نەداوە. تا ئێستا زۆربەی شتەکانم بەلاوە گرنگە، دڵنیاشم تەنانەت ئەگەر وەك کەسانی تر نەتوانم نۆك بکرۆشم ئەواهیچ داخێك هەڵناکێشم. هێشتا پییر نەبووم، ئەی وانییە؟کاتێك بەساڵدا دەچین کە بترسین لەمردن و بەداخ بین بۆ ئەوشتانەی کەسانی تری دەیکەن و ئێمە توانای کردنیمان نییە.

من دڵنیام کەتۆش پیر نەبوویت،سەرباری ئەوەی تەمەنت بەرەوپێش چووە. دڵنیام سوور بوویت لەسەر ئەوەی زیاتر بژیت بۆ ئەوەی هەمووومان ببینیت و سەرجەم نەوەکانت بناسیتەوە.هەرچەندێکیش حەزمان بۆ ژیان هەبێت ئەوا تامەزرۆیمان بۆ ژیان زیاتر و خواستەکانیشمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان زیاد دەبن و بەرگریکردنیشمان بۆ گشت کەم ئەندامبوون و نەخۆشییەکان زیاتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە باوەڕ بە پێویستی بەدەستهێنانی هێز ئەگەر کەمیش بێت بهێنیت ئەگینا هەوڵدانی گەورەترمان دەوێت وەك ئەوەی لەهەرەتی لاوێتیدا کردوومانە.

ئەم حاڵەتەش بەراستی وەك تریسینا لەنامەکەیدا بەجۆرێك لەزیرەکی ئاماژەی پێکردوە، کەتۆ لەکاروباری باری ناومالڵدا زیاد لەئەندازە سەرکەوتوویت و ناتەوێت وازبهێنیت. بەپێچەوانەوە پێویستە واز بهێنیت و کەمێك پشووبدەیت.

**دایکی ئازیزم بەبۆنەی ئەم جەژنانەوە شتی زۆرت بۆ دەخوازم و بەهیوام ئاسوودەو چاوت روون بێت. پیرۆزبایی زۆرو سلاوم بۆ ماڵەوە.**

**بەسۆزەوە ماچتدەکەم**

**ئەنتۆنیۆ**

**٢٨ی تەموزی ١٩٣٠**

**دایکی هێژام**

ئەو دوو وێنە فۆتۆگرافیە بچووکەی نانارۆ بۆی هێناوم،سەرباری ئەوەی لەڕووی تەکنیکییەوە خراپ گیراون بەڵام بەلامەوە جوانن و سەرنجێکی خێرا لەبارەی سیماو ئەدگارت دەبەخشن. پێوایە وێڕای تەمەن و چەند شتێکی تر بەڵام هێشتا گەنج و بەهێز دیاریت.

واپێویستیشدەکات کەمێك لەپرچت سپی بووبێت و سەروشکڵیشت هەیبەتێکی زۆری پێوەدیارەهەرچەندە...چۆن بیڵێم؟..... سەرباری سەنگینی. گرەوی ئەوە دەکەم ە دەتوانیت خۆشی لە نەوەکانت ببینیت کە لەبەرچاوت گەورە دەبن. واپێویست دەکات رۆژێك هەموو پێکەوە بەنەوەکانیشتەوە وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین و تۆش لەناوەڕاستدا بیت تا نیزام بەرقەراربێت. میا کەمێك گەورە بووە،بەڵام هێشتا هەر شەرمنە.وەك ئەوەی کە بۆ نانارۆت نووسیووە ، ئەو لەو بڕوایەدایە میا لەزانست و زیرەکیدا موعجیزەیە، کەئەوەش جۆرێك زیادەڕۆیی تێداکردوە و ئەوەی لەبیرکردوە کە هێشتا تەمەنی لەنێوان نۆ بۆ دە ساڵدایە. لەگەڵ ئەوەشدا راست دەکات کە پێیوایە ئێمە لەو تەمەنەدا پێگەیشتووترو پڕ مەعریفەو رۆشنبیرتر بووین. ئەوەش مایەی سەرسامی منە، پێدەچێت میا بەبەراورد بەتەمەنی ساویلکە بێت. تەنانەت لەتەمەنی ئەودا جگە لەگرنگیدان بەشێوەی خۆی هیچ خواستێکی تری نیە، لەناخدا خاوەنی ژیانێکی تر نییە و هەستیشی تەنیا گوزارشتکردنە لەگیانلەبەرێکی بچکۆلە( لەخۆبایبوون...هتد). لەوانەیە زۆر بەنازی کردبێت بەباشی فێری دیسپلینی نەکردبێت.راستە نانارۆ یان من و ئەوانیتر ناچار نەبووین چونکە بەدیسپلینکراوبووین بەڵام ئەوە هەر لەخۆوەو بەویستی خۆمان کردوومانە. هێشتا لەیادمە کە هێندەی تەمەنی میا بووم ، ئەگەر وەك ئەو،

ئەو ژمارە هەڵەیەم بکردایە شەرمەزار دەبووم. بیرتە کە تا درەنگانێکی شەو دەمخوێندەوە و چەند فیلم دەکرد تا کتێبم دەست بکەوتایە. تریسینا وەك میا کچ بوو، کەبێگۆمان لەرووی جەستەشەوە لەو جوانتربوو . دەمەوێت بزانم میا تائێستا چی خوێندوەتەوە،پێم وایە وەك ئەوەی دەینووسیت جگە لەکتێبەکانی قوتابخانە هیچی تر ناخوێنێتەوە،کەنابێت وابێت. لەکۆتاییشدا پێویستە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی رابێت لەسەرکاری دیسپلین و کەمێکیش ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی رێکبخات. واز لە لووت بەرزی بهێنێت و بەرەو خۆ سەنگینکردنی راستەقینە بچێت. بەمیا بڵێت بۆم بنووسێت و باسی ژیانی خۆیم بۆ بکات.

ماچم بۆهەمووان..بەتامەزرۆییە ماچت دەکەم دایکە

ئەنتۆنیۆ

## 15ی تەموزی ١٩٣١

**دایکی شیرینم**

**نامەکەتم بەدەست گەیشت کە تریسینا بۆی نووسیوویت. لەوبڕوایەدام کەواپێویست دەکات هەندێك جار بەم شێوازە بۆم بنووسیت. لەنامەکەدا هەستم بەرەفتارو شێوازی بیرکردنەوەت کرد ،کە بەراستی ئەوە نامەی تۆیە نەك تریسینا.ئایا دەزانیت چی لە بیرەوەریمدا بزوا؟ یەکەمین ساڵ و دووەمین ساڵی خوێندنی قۆناغی سەرەتاییم بیرکەوتەوە، ئەو دەمەی ئەرکی قوتابخانەت بۆ راستەدەکردمەوە، باش لەیادمە هەرگیز نەمدەتوانی بنووسم Uccello کە دوو سینی تێدایە بەڵام تۆ ئەو هەڵەیەت سەدان جار بۆ راستەدەکردمە.کەوابوو تۆ فێری نووسینت کردین و پێشتریش فێری شیعرت کردین. هێشتا راتبلان-م**[20] lungo I clivi della loira-che qual nastro argentarto-corre via per cent m(iglia-un bel suolo avventurato)[21] **لەیادە، بۆیە ئەرکی هەر یەکێکیانە دەستی هاوکاری نووسینت بۆ درێژ بکەن لەکاتێکدا تۆ ئەو توانایەت نییە.**

**گرەوی ئەوەت لەگەڵ دەکەم یادگاری راتبلان و گۆرانی لالوار واتلیدەکەن پێبکەنیت، لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرمە کاتێك تەمەنم ٤بۆ ٥ساڵان بوو، حەزم بەلاساییکردنەوەی تەپڵ لێدانەکانت بوو لەسەر مێزەکە کاتێك راتابلانت پیشان دەداین. رەنگە نەزانیت کە چەند شتگەلێکم بیر دەکەوێتەوە کە تۆتیایدا بەبەردەوامی وەك هێزێکی بەبەزەیی و لێوان لێو لەسۆز لەپێناوماندا**

---

[20] – مەبەست لە فیتشیو دو بییترۆ پاولۆ بارزانیسە.

[21] – بەدرێژایی رۆخی رووباری لوار-کە لەدەستماڵێکی زیوین دەچێت- رووبارەکە دەڕوات- ناوچەیەی دەوڵەمەندو جوانە"..لە گۆرانیەکی ئارنالدۆ فۆزیناتۆ وەرگیراوە.

دەردەکەویت. خۆ ئەگەر بەباشی وردبیتەوە ئەوا دواجار سەرجەم کێشەی رۆحی و نەمری و بەهەشت و دۆزەخ جگە لەفۆرمێك لەفۆرمەکانی لێدوانەوەی ئەو کردارە سادەیە چیتر نییە، و هەررەفتارەکیش کە لەواینتردا دەگوازرێتەوە لەباوکەوە بۆ منداڵ و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەپێی بەهای خێرو شەڕو لەجوڵەیەکی بەردەوامدایە. جا مادامەکی یادەوەری ئێمەش لەبارەی تۆوە بیرەوەری باش و زیندووە و تیایدا وزەی خۆت بۆ پەروەردەکردنمان تەرخانکردوە، ئەوە واتای ئەوەدەگەیەنێت تۆ پێشوەخت و لەوکاتەوە لەبەهەشتی راستەقینەدا دەژیت، جێگەی دایك دڵی منداڵەکانێتی. لەوەدەگەیت کە بۆم نووسیویت؟بەڵام پێتوانەبێت من هێرش دەکەمە سەر بیروباوەڕی ئایینیت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوبڕوایەدام تۆش لەگەڵم کۆکیت. بە تریسینا بڵێ چاوەڕوانی ئەو نامەیەی لێدەکەم کە بەڵێنی نوسینی پێدابووم. تۆو ئەندامانی خێزانەکەم بەسۆزەوە ماچ دەکەم.

ئەنتۆنیۆ

**٢٩ی تەموزی ١٩٣١**

**دایکی ئازیزم**

نامەیەکی گرازییتام پێگەیشتووە کە تیایدا باس لەدەرچوونی میا دەکات لەتاقیکردنەوەکانی بەسەرکەوتوویی لەکاگلیاری.من زۆر بەختەوەرم و پیرۆزبایی لەمیا دەکەم. بەهیوام میا بەوردی باسی تاقیکردنەوەکەیم بۆ بنووسێت و سەرنجی خۆیم لەبارەی کاگلیاری پێبلێت. رۆژگارێکی زۆرە من لەدەرەوەی بازنکەم و بێئاگام لەوەی کە تاقیکردنەوەکان چیبیان پێویستە بەر لەوەرگرتنی بڕوانامەی کۆتایی. پێمولیە ئەوانە تاقیکردنەوەی دەوڵەتن بۆ چوونە قۆناغی دواناوەندی کە لەبنەڕەتدا بۆمەبەستی سەپاندنی باج دامەزرێنراون و ئەوەش وادەکات منداڵانی هەژار نەتوانن بخوێنن.

حەزدەکەم دیارییەکی بچووك پێشکەش بەمیا بکەم و هەوڵیش دەدەم بۆی رەوانە بکەم. قوتوویەکی قەڵەمی رەنگاورەنگ و دەفتەری بچووکم لایە کەبەر لەچەند ساڵێك تاتیانا بۆی ناردوم و پێویست ناکات لێرە بن چونکە وەك دەڵێن زیندان تەنیا بەهرەی هونەری لای حوکمدراوەکان دروست دەکات. جارێکی تر کەکتێبم ناردەوە دەیخەمە زەرفێکەوەو لەنێو پەڕەکانیدا دایدەنێم و ئیتر بەوجۆرەش میا دەتوانێت منی لەبیر بێت. (تۆ هیچت لەبارەی ئەو کتێبانەوە پێنەوتووم کە لەمانگی مارسی رابردوودا داوتنەتە کارلۆ تا لەرێگەی شەمەندەفەرەوە بۆم رەوانە بکات،ئایا کتێبەکان گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست)؟.

هێشتا تریسینا ئەو نامەیەی بۆ نەنووسیووم کە بەڵێنی نووسینی دابوو. بەم دوایانە هەواڵی جویلیاو منداڵەکانم پێگەیشت. دلیۆش هەوڵیداوە نامە بنووسێت( هەرگیز ناچار نەکراوە فێری نووسین ببێت کەچی لەخۆیەوە وەك حەزێك بۆ نووسین ئارەزووی دەکات، لەوانەشە پزیشکەکان بۆخۆیان ئەو

بڕیارەیان دابێت چونکە منداڵێکی تووڕەیەو نایانەوێت گرنگی بە کاری فیکری بدات).ئەوان باشن و لەم رۆژانەشدا مۆسکۆ بەجێدەهێڵن وروو لەگوند دەکەن بۆ ئەوەی ماوەیەك لەوێ بمێننەوە کە نازانم چەند دەخایەنێت.

بەردەوام هەواڵی خۆتم پێڕابگەبەنە، لەناخەوە بەهیوام باری تەندروستیت باش بووبێت وەك ئەوەی گرازییتا دەڵێت.

هەمووتان ماچ دەکەم

ئەنتۆنیۆ

**٢٤ی حوزەیرانی ١٩٣١**

**دایکی ئازیزم**

**نامەکانی هەریەك لەمیاوفرانکۆو تیریسینام پێگەیشت، لەگەڵ هەواڵی تەندروستی هەمووتان. بەڵام ئەی بۆچی هەموو ئەو ماوەدوورودرێژە پشتگوێتان خستم و بەبێ هەواڵ بووم؟تەنانەت ئەگەر تووشی مەلاریاش بین دەکرێت چەند دێڕێك بنووسین و منیش بۆخۆم بەنامەیەك کۆڵدەدەم. ئایا دەزانی من پیر دەبم؟ و بەوەش تووڕە تردەبم، مەزاجم تێکدەچێت و دان بەخۆداگرتنم نامێنێت، ن بەم شێوە لۆژیکە بیردەکەمەوە. کاتێك نامە بۆ بەدکراوان نانووسرێت هۆکارەکەی کەمتەرخەمی یان کەموکورتییە لەئەندێشەدا .سەبارەت بەحاڵەتی تۆو خێزانەکە پێموایە هەرگیز پەیوەست نییە بەکەمتەرخەمییەوە بەڵکو پەیوەندی بەئەندێشەوە هەیە. ئێوە بەتەواوەتی وێنای ژیانی نێو زیندان و گرنگی نامەگۆڕینەوە ناکەن، کە جۆرە چێژێك بەژیان دەبەخشێت و بۆشاییەکان پڕدەکاتەوە.**

**من قسە لەسەر لایەنی نەرێنی نێو ژیان ناکەم، چونکە لەبنەڕەتدا نامەوێت کەس بەزەیی پێمدا بێتەوە. من جەنگاوەرێك بووم و دەرفەتی خەباتی راستەوخۆم بۆ نەرەخسا و جەنگاوەرانیش لەهەر شوێنێکدا بن ناکرێت و ناشبێت جێگەی بەزەیی بن. چونکە جەنگاوەران بەهیچ شێوەیەك ناچار نەکراون و بۆخۆشیان ویستوویانە وەك خۆیان بن. بەڵام دیسان ژیانم لەزینداندا بێ ناخۆشی و قوربانیدان نییە. دەکرێت بەهۆی کەسانی خۆشەویستەوە بارگرانییەکان زیاد نەبن. جگە لەوەش من مەبەستم لەتۆ نییە بەڵکو تریسیناو گرازییتا و میام مەبەستە کەدەتوانن ئەگەر نامەیەکیش بێت بینووسن.**

نامەکەی فرانکۆم بەلاوە گرنگ بوو بەجۆرێك،کە چێژم لەئەسپ و ئۆتۆمبیل و بایسکیل و....بچووکەکانی وەرگرت . جا ئەگەر بۆم بلوێت ئەوا دیارییەکی پێشکەش دەکەم تا خۆشەویستی خۆمی بۆ پیشان بدەم. من دڵنیام کە منداڵێکی سەلارو گوێڕایەڵە و پێشمولیە هەندێك جار تەشقەڵە دەکات.

ئەگەر توانیم قوتووە رەنگاڵەکە بۆ میا دەنێرم ، بەڵام ناشبێت میا چاوەڕوانی شتێکی سەیر بکات. تریسینا وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدامەوە کە لێمکردوە ، ئایا ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە کارلۆ لەمانگی رابردوو لەتۆرینۆوە رەوانەی کردبوون گەیشتوون؟ پێویستە بزانم ئەو کتێب و گۆڤارانە بێزارتان دەکات، چونکە زۆرێکم لایەو حەزدەکەم رەوانەیان بکەم، خۆ ئەگەر لەرێگادا تیادەچن ئەوا باشترە لانیکەم بەشێکیان بنێرم وەك دیاری پێشکەش بەکتێبخانەی زیندانەکە بکەم.

بێگومان پێمولیە لەهەموو بارێکدا و بەحوکمی نەبوونی دەرفەت و جارِس بوونتان بەکتێبەکان، دەکرێت سوودی بۆ منداڵەکان هەبێت ئەو دەمەی کە گەورە دەبن. لەوبڕوایەشدام ئامادەکردنی کتێبخانەی بنەماڵە کارێکی گرنگ بێت. پێویستە تریسینا ئەوەی بەبیر بێتەوە کەچۆن لەمنداڵیماندا پەرۆش و شەیدای کتێب بووین و چەندیش ئازارمان دەچێشت کە کتێبمان دەست نەدەکەوت.

بەڵام ئەی چۆن بڵاوبوونەوەی مەلاریا لەناوەندی وڵاتدا لێکدەدەیتەوە؟ یاخودئەو پرسە تەنیا پەیوەستە بەئێوەوە؟ پێمولیە ئەرکی بەرپرسانە کە زێراب دروستبکەن هەروەك چۆن بەرپرسانی پێشووتر لەکاتی دامەزراندنی پردەکاندا کردویانە.

بوونی کەناڵی ئاوی بەبێ زێراب واتای ئەوە نییە مەلاریا بڵانابێتەوە چونکە مەلاریا لەژینگەی پیسدا دەژی. بەکورتی ژنانی جیلارزا بەهۆی ئاوەوە

**ناشرینن و ئێستاش ناشرینتر بوون، پێموایە وا پێویست  دەکات پیاوان بەچڕی بە شەراب چارەسەر بکرێن.**

**هەزارماچ**

**ئەنتۆنیۆ**

**١٣ی ئەیلولی ١٩٣١**

**دایکی ئازیزم**

**نامەیەکم لەتریسیناو یەکێکی تریشم لەگرازییتا پێگەیشت لەگەڵ چەند دێڕێك بەدەستنووسی تۆ، من قەرزارباری تۆم، بەڵام ئەگەر نووسین ماندوت دەکات ئەوا نامەکەت بەگرازییتا یان میا یاخود بەتریسینا پڕبکەرەوەو لەژێرەوە واژۆی خۆتی لەسەر دابنێ. بەم شێوەیە زۆرکات دەتوانیت نامەم بۆ رەوانە بکەیت. بەدوای یەکتریدا وەڵامی نامەکانم داوەتەوە،وەڵامی تریسینا لەپێناو کتێبەکاندا کە کارلۆ ئاماژەی پێکردون تا کەسانی بێگانە تەماشای نەکەن، بەڵکو تەنیا ئەندامانی خێزان دەتوانن بیخوێننەوە ئەگەر ئارەزووی بکەن.پرانسیپی من بەم جۆرەیە: نامەوێت کتێبەکانم ببنە ئامرازی کات کوشتن بۆ ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ بەرپرسیارن لە زیندانیکردنم، ناوازەترین رۆمانی لیو تۆلستوی(جەنگ و ئاشتی) وەك دیاری بۆ تریسینا رەوانە دەکەم ،کە پاڵەوانێکی تێدایە بەناوی ناتچا کە پاڵەوانێکی زۆر سەرنجڕاکێشەرە.سوپاسی فرانکۆ دەکەم چونکە دەیەوێت کە گەورە بوو ببێتە فڕۆکەوان و من برفێنێت و بەرەو لای دایککم بەرێت.**

**رەنگە کە لەدوای چواردەساڵ لەزیندان دێمەوە دەرەوە لەئیتاڵیا توانای سەفەرکردن بەفرۆکە هەبێت وەك ئەوەی ئەمڕۆ بەئۆتۆمبیل هەیە. لەبەرئەوە دەکرێت ئاواتی فرانکۆ ببێتە راستییەك و لەتەمەنی بیست ساڵاندا ببێتە فڕۆکەوانێکی لێوەشاوە. زۆر بەداخم لەوەی میا هەست بەتوڕەی بکات چونکە ئەو دیاریانەی منی بەدەست نەگەیشتووە کە بەڵێنم پێدابوو. پێویستە بەڵێنەکەم جێبەجێبکەم و خواستەکەی بەدیبهێنم، تا ئیرەیی لەنێوان خوشك و براکاندان دروست نەبێت. کەوابوو دیارییەکی پێشکەش دەکەم و هەرکاتێك توانیم بەڵێنەکەم بەدیدەهێنم.**

پێویستە دان بەخۆدابگرن و ئەرکی ئێوەشە منداڵەکان تێبگەیەنن کاتێك مرۆڤ لەزینداندا بوو واتای توانای نابێت هەموو شتێك بکات کە حەزی لێیەتی یان حەزی لێدەکات. با وایدابنێین من لەشوێنێکی وەك تاوەری گیلارزادام. پێیان بڵێن منیش لەژوورێکی گەورەترم وەك لەو ژوورانەی لەماڵدا هەن بەڵام ناتوانم بێمە دەرەوە. دایکی ئازیزم پێموایە ئەوەم پێنەوتوویت پێخەف و چرپایەکی ئاسنم هەیە کە لەجۆرێکی باش نین بەڵام دواجار خراپیش نین.

ئەوەی گرازییتا بۆی نووسیووم زۆر سەرقاڵی کردوم، چونکە ئەگەر بێتوو مەلاریا لەزۆر کاتدا ببێتە هۆی نەخۆشی سیل ئەوا واتای گەل گیرۆدەی بەدخۆراکی بووە.

خوازیارم گرازییتا زانیاری زیاترم بۆ بنێرێت سەبارەت بەوخواردنانەی کەهەفتانە خێزانێك لە رۆژنامە فرۆش و جووتیارو ئەوانەی خاوەنی زەوییەکی بچووکن و بۆخۆیان دەیکێڵن تا دەگاتە شوانکارە وپیشەوەرو پینەچی و ئاسنگەر دەیخۆن ، خۆئەگەر زیا ماریا کالکۆراتیجۆ لەژیاندا مابێت ئەوا دەتوانین هەموو ئەو شتانە بەخێرایی بزانین، بەڵام بەکەمێك دان بەخۆداگرتندا دەتوانین ئەوە بەئەنجام بگەیەنین.

(پرسیار:لەماوەی هەفتەیەکدا چەند جار چەندێك گۆشت دەخۆن؟ یاخود هەر نایخۆن؟ شۆرباکانیان بەچی ئامادە دەکەن؟ چەند بەزو رۆنی تێدەکەن؟ بڕی ئەو سەوزەو هەویرو... ئەو ئاردەی لەگەنم بەرهەمیدەهێنن چەندەو چەند کیلۆگرام کولێرە دەکرن؟ بڕی ئەو قاوەو شەکر و چەندە ؟ ئەو شیرەی کە منداڵەکانیان دەیخۆن ...چەندە)؟.

دایکی ئازیزم ،لەبری من هەموویان ماچبکە و بۆتۆش گەرمترین ماچ.

ئەنتۆنیۆ

**١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١**

**دایکی خۆشەویستم**

**نامەکەتم بەدەست گەیشت کەمێژووی ١٤ی تشرینی یەکەمی لەسەرە،زۆر بەختەوەوربووم بەوەی باری تەندروست باشتربوەو لانی کەم دەتوانیت بۆئاهەنگی سان سراڤینۆ بچیت. ئەوکاتانەی کەمندالٚ بووم چەندم حەز لەدۆلّی تیرسۆی دامێنی سان سراڤینۆ دەکرد. بۆ چەند کاژێرێك لەسەر یەك لەسەر بەردێك دادەنیشتم و لەو دەریاچە سەیرە تێڕادەمام کە رووبارەکەی خوارووی کلّێساکە دروستیکردووە بۆئەوەی لەو مراویانە بڕوانم کە لەنێو قامیشەلاّنەکەی دەورروبەری دەریاچەکە دەهاتنە دەرەوە، پاشان بەئاراستەی ناوەڕاستی ئاوەکە دەچوون،هەروەها خۆ هەلّدانی ماسییەکان بۆ راوکردنی مێرووەکان. لەوانەیە گەموو ئەو شتانە گۆڕابێتن، ئەگەر دەستکرابێت بەدروستکردنی ئەو بەنداوەی ئاوی فلۆمیندۆ گل دەداتەوە. هێشتا لەبیرمە کەچۆن مارێکی گەورە لەئاوەکەدا مەلەی دەکردو پاشان دوای چەند ساتێك دای بە مارماسییەکەوە(جۆرێکی کارەباییە) بەلاّم مارەکە بۆخۆی مرد و مارماسییەکەش لەدەمی کەوتەخوارەوە و منیش ناچاربووم فڕێی بدەم چونکە شتێك نەبوو پێی هەلّبگرم بەرەو مۆریستن،[٢٢] هەروەها رەق وەك گۆچانی لێهاتوو بۆنێکی ناخۆش و بۆگەنی لێوەدەهات.**

**تۆ چۆن خۆت بەوەوە سەرقالّکردوە کەمن باش نیم و ئەوەت لێدەشارمەوە؟ بەدلّنیایەوە ناتوانم لەسەر پێیەك سەما بکەم، بەلاّم هەندێك جار خۆمم بەلاوە سەیرە کەتوانیومە بەرگە بگرم.**

---

[٢٢] Muristene- : بەسەردینی واتە کوخێك لەدوو ژوور پێکهاتبێت کە لەنزیك کلّێساکان بۆ پێشوازیکردن لە میوان و حاجیان دروستدەکرێت.

لەئێستادا کاکیلەکانم نەماون و ناتوانم هەموو خواردنێك بکرۆژم بەڵام پێویستیشە هەندێك خواردن بخۆم و ئەوەش نیگەرانی کردوم چونکە بەم نزیکانەش گۆشت دەفرۆشن و منیش ناتوانم بیخۆم لەکاتێکدا زۆرم حەز لێیەتی.

ماریا بۆرکۆم بەبیر نایەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو بیناسم و بەبیرم بهاتایەتەوە مادام ٨٨ساڵ ژیاوە. باسی خێزانی زیا مارگاریتام بۆ بکە،ئەی حاڵی جیوفانینۆ و ئیجینۆ ونتالیا و ئەویتر کەئێستا ناوەکەیم بیرناکەوێتە چۆنە؟ رەنگە ئێستا منداڵەکانی جیوفانی گەورە بووبن. ئەی نانیتا کوبا؟....هتد . پێویستە رۆژێك بێت گشت یادگارییەکۆنەکانم بەبیر بێنەوە. ئایا کوڕە نۆبەرەکەی کاك تانییل سوری قەسابت لەبیرە؟[٢٣]

رۆژێکیان لەگازینۆیەکی میلان بینیم. لەرۆژنامەی فاریناتشی بکریمونا دەرکرابوو[٢٤](جانازانم چی دەکرد لەو رۆژنامەیە،چونکە هەرهەمان گێلەکەی سەردەمی منداڵی بوو) داوای لێکردم لەرۆژنامەیەی حزبیدا کارێکی بۆبدۆزمەوە. لەبارێکی خراپی دەروونی و داراییدا بوو، ئای ئەو داواکارییەی چەند جێگەی پێکەنین بوو رکەئاماژەیەك بوو بۆ ناهۆشیاری. لەچاوەڕوانی ئەو نامەیەی تریسینادام کە بەڵێنی نووسینی پێداوم.

ماچ بۆهەمووان بەتایبەتیش تۆی خۆشەویشت و منداڵەکان

ئەنتۆنیۆ

---

[٢٣] Su re- : بەسەردینی واتای پادشا

[٢٤] - رۆژنامەیەکی رۆژانەی فاشییەکان بووە لەکریمۆنا نۆیفا دەرکراوە.

**١٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٣١**

**دایكی ئازیزم**

**لەچاوەڕوانی زۆری نامە دوورو درێژەكەی تۆدابووم كە تریسینا بەڵێنی نووسینی پێدابووم. بەوهیوایەی دواكەوتنی نامەكە پەیوەندی بەخراپی باری تەندروستی تۆوە نەبێت كەنەتتوانی بێت پڕی بكەیتەوە.**

**لەم ماوەیەدا نامەیەكم بەئیمزای تریسینا ومنداڵەكانی پێگەیشت، بەڵام ئەی دیدی كێیە؟ئەم ناوە مەسیحییە چییە كەلەگەڵیدا دەگونجێت؟ پێموایە واپێویست دەكات بیرو ئەندێشەی تریسینا ئازاد بێت بۆئەوەی ناوی منداڵانە لەنەوەكانی بنێت. ڕەنگە ئەم دیدییە ناوی خێوو جنۆكە بێت.**

**باشترە ترسیناجۆرێك لە فەرهەنگم بۆ بنووسێت كە لەدیوێكیدا ئەو ناوانەی لەخۆگرتبێت كە ناسراون و لەدیوەكەی تریشیدا ئەو ناوانەی تێدابێت كە لەخەیاڵی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتووەو داتاشراون. ئەوە بۆ من زۆر سوودی دەبێت چونكە بەداخەوە ناتوانم لەنێو ئەو گوڵە شیعرییە بەپیێزانەدا ئامادەبم.**

**دایكی شیرینم پێویستە ئەم نامەیە بۆ جەژنی لەدایك بوون تەرخان بكرێت لەبەرئەوە پێویستە پیرۆزبایی گەرمت لێبكەم.**

**دەمەوێت هەواڵی ورد لەبارەی تەندروستیتەوە بزانم و بەهیواشم لەزووترین كاتدا بەدەستم بگات. ئایا كالۆ دەنووسێت؟ لەوەتەی چووە بۆ تۆرینۆ تەنیا یەك جار بۆی نووسیووم. نامەیەكی بۆ تاتیانا نووسیوەو ئەویش پێیڕاگەیاندم كە كارلۆ نامە بۆ منیش دەنووسێت، بەڵام ئەوەی نەكردووە. پێدەچێت چیتر لەمیلانۆ نیشتەجێ نەبێت، ڕەنگە لەگوندێكی دەوروبەربێت. ئەی تاتارۆ نامەت بۆ دەتێرێت؟  پاش ئەو**

**هەموو بەڵێنەی کەپێیدابووم کەچی یەك دێڕیشی بۆ نەنووسیووم. من لەجاران زیاتر ئارامترم و بەردەوامیش دەبم تەنانەت ئەگەر لەزیندانیشدا پیر ببم.**

**تۆو ئەوانیتریش بەتامەزۆرییەوە ماچ دەکەم**

**ئەنتۆنیۆ**

**٣١كانوونی یەکەمی ١٩٣١**

**دایکی خۆشەویستم**

**نامەکەتم بەدەستگەیشت بەمێژووی ١٦ی مانگی لەسەرە، نامەکەت زۆر بەوریایەوە لەرێگەی تریسیناوە نووسراوە.**

**بێگومان هەردووکتان زۆر پێکەنیون کاتێك تریسینا نووسوویەتی کە تۆ حەزدەکەیت خۆت نازدار بکەیت و حەزیشت بەچێشتە خۆشەکانە بەتایبەتیش ئەو دەمانەی کە ئارەزووی خواردنت نییە...هتد. ئێستاش باشترە بەیانیان قاوە لەگەڵ شیردا یاخود قاوەی خەست بخۆیتەوە، جا بابشپرسم ئاخۆ جۆ دەکەیتەوە قاوەکەوە، کە توانا بەخشە، جگە لەوەش تریسینا پێینەوتووم ئەو ناوەکامەیە کە لەگەڵ دیدی دەگونجێت.**

**پێشتر کوڕەکەی ناونابوو عیسا، من چیتر لەم هەمووجۆرە ناوە بچووککراوانە تێناگەم. ئاسانترە ناویان بنێت کۆنیگۆندا، ریستیتوتا،ئرمنگرادا...هتد**

**سەبارەت بەکوڕ: پلتسار، ناپۆلیونی...**

**چاوەڕوانی دیاری تایبەتی جەژنی لەدایکبوون بە. سوپاسی منداڵەکان بکە کە لەدیاریکردنی دیارییەکاندا بەشدارییان کردوە.**

**لەئامێزتان دەگرم.**

**ئەنتۆنیۆ**

٤ی کانوونی دووەمی ۱۹۳۲

دایکی هێژام

نامەی سەری سالّم لە یەکەم رۆژی ئەمسالّ بەدەستگەیشت،بەلاّم لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو هەموو شتەکانی ناویم بەساغی بەدەستگەیشت.

بەراشکاوی من پێوابوو کاتێکی زۆر درەنگتر بەدەستم دەگات، ئەویش بەهۆی ئەو زریانەی لەدەریای سپی ناوەڕاست هەڵیکردوە و بوەتە هۆی راوەستاندنی جموجۆڵی دەریاوانی لەنێوان سەردینیاو کیشوەرەکەدا.

پێدەچێت تۆو ئەوانیتریش متمانەیەکی زۆرتان بەو شەمەندەفەرانە هەیە کە لەئێستاو لەکاتێکی دیاریکراودا دەگەن. کاتێك کەبیر دەکەمەوەلەو نامەیەی لە۱۹ی مانگدا رەوانەدەکرێت لە۲٤ی مانگدا دەگاتە تۆران، و پێویستی بە۷رۆژی تریش هەیە.

سوپاسی گشت لایەك دەکەم لە بەشداریکردن لەئامادەکردنی نامەکە و هاوپێچەکانی هەرلەگەورەترینەوە بۆ بچووکترین کەس کە دیدییە. دیارە بچووکەکانم زۆر سەرنجیان راکێشاوم، هەربۆیە بەدرێژایی شەو دەیانخەمە ژێربالیفەکەمەوە و هەرکاتێکیش ئەگەر ئارەقم کردەوە ئەواگەمەیان پێدەکەم.

کولێرەکە خومرەی کەم بوو کە هەرئەوەش رەنگە تریسینای نائومێد کردبێت بەلاّم بەلای منەوە بەتام بوو هەرچەندە وەك بەرد رەق بوو،من ئێستا ئامادەم باوەڕبەوەبکەم کە تریسینابووەتە خانمی راستەقینەی مالّ، هەرچەندە هەندێك یادگاریم هەیە سەبارەت بە بێزاری لەکاروباری ناومالّ.

نازانم ئاخۆ فێری ئامادەکردنی ئیوامۆ و هەمبەرگر دروستکردن بووە، تائێستا زۆر بەکەمی خواردن دەخۆم چونکە ئازاری ریخۆڵەم هەیەو پێویستە زۆر بەئاگابم.

بەلاّم لەسەرخۆ سەرجەم خواردنەکان ئامادە دەکەم.

گەشەکردن و گەورەبوونی درەختی لالەنگییەکانم لە تانکا ریجیا[٢٥] بوونەتە جێی سەرنجم. کێ زەوییەکانی تانکاریجیا دەچێنێت؟ ئایا جەنگاوەرە دێرینەکانن؟بەلای منەوە لالەنگی درەختێکی بەسوودە. تاتیانا بۆی نووسیووم کە لەم ماوەیەدا لەگەڵ کارلۆ سەردانم دەکات. کامەران نیم چونکە کارلۆ هەموو ئەو پارەیە لەپێناو ئەو سەفەرە دوورودرێژەدا خەرج دەکات، کارلۆ لەمانگی ئاب لێرەبوو،کەچی دیسان لەمانگی کانوونی دووەم بەسەفەرێکی تر زیادەرۆیی دەکات.

ئەگەر هات ئەوا بەناونیشانەکەی تریسینا کۆمەڵێك کتێبی بۆ دەنێرم و بەهیوام ئەوەش خۆشحاڵی بکات،هەرچەندە دیارییەکی ئەوەندە بەهادار نییە.

دایکی ئازیزم لەمڕۆوە بەبۆنەی هاتنی جەژنی لەدایکبوونتەوە پیرۆز باییت لێدەکەم . هەمیشە نامەکان درەنگ دەگەن و ئەگەر ئەمڕۆش پیرۆزبایت لێنەکەم ئەوا رەنگە نەتوانم لەکاتی دراریکراودا واتە لە١٩ی مانگدا پیرۆز بایت لێبکەم. بەهیوام تەندروستیت باش بێت و باشتر بیت. ماچت دەکەم

ئەنتۆنیۆ

تکایە نیوەکەی تری کاغەزەکە بۆ تاتیانا رەوانە بکە.

---

[٢٥] - تانکا ریجیا: زەوییەکی گران بەها بووە لەسەر رێگای شیلارزا ئەبسانت سانتۆ لۆسیرجیۆ کە موڵکی دامەزراوەی LIstiuto Fondi Rustici بووە لەرۆما.

**٤ی نیسانی ١٩٣٢**

**دایکی میهرەبانم**

**نامەکەی "میا" و چیرۆکی "م.سیاس"م بەدەست گەیشت کە لە ژمارەیەك فەرهەنگی نامەکانی مریشکەوە وەریگرتوە. چێژێکی زۆرم لێبینی. پێویستە ئامۆژگاری بکەیت بۆ ئەوەی وێنەی هێلکەکە بگرێت و گەورەی بکات و پاشان بینێرێت بۆ پرۆفیسۆر تراملی[٢٦] لەمۆزەخانەی کاگلیاری. ئەو زمانەی اەلایەن مریشەکەوە بۆ نووسینی نامە رەسمییەکان بەکارهێنراوە زمانی بۆنییە و مریشکەکەش بۆ سەردەمی قرتانجی دەگەڕێتەوە، کەدەتوانێت شوێکی شاردنەوەی پارەی سەردەمی ئەنتگۆری[٢٧]-مان بۆ ئاشکرابکات،کە بەهایەکی بەنرخی هەیە.. ئەو زانیاریانەی بۆ میام ناردون لەسەر قوتابخانەکەی زۆر پەرش و بڵاون، دەمەوێت شتی زیاتر بزانم لەبارەی بڕیارەکانی قوتابخانەکەو بابەتی دارشتن و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان و وادەکانی خوێندن.**

**لەچاوەڕوانی نامەی فرانۆکدام و بەهیواشم لەگەڵ مکانۆ لەکاروباری بیناسازی ئاگادارم بکاتەوە.ژیانم هەروەك خۆیەتی ، هەمیشە لەتەنگەتاویدایە. بەهیوام داوا لەیەکێکیان بکەیت لە نێوکتێبە تایبەتمەندەکانی سەر رەفەکان بەدوای کتێبێکدا بگەڕێن بەناونیشانی پرسی باشوور.[٢٨]**

**ئەنتۆنیۆ**

---

[٢٦] – ئەنتۆنیۆ تراملی(١٨٦٨-١٩٣٩) ئارکیۆلۆژی بۆ سالانێك بەرێوەبەری مۆزەخانەی کاگلیاری و پارێزگاری گشتی شوێنەوارە دێرینەکانی سەردینیا بووە.

[٢٧] - ئەنتگۆریۆ لەزمانی سەردینیا بەواتای دێرین.

[٢٨] – مەسەلەکە پەیوەندی بەئوگۆستینۆ فۆتۆناتۆ وە هەیە.پرسی باشوور و ریفۆرمی باجیی.پەخشی لافۆس.رۆما.١٩٢٠.

**١٩ی حوزەیرانی ١٩٣٢**

**دایکی شیرینم**

**هەردو نامەکەی گرازیتاو میام بەدەستگەیشت کەمێژووی ١٥ی مانگیان لەسەرە. بەگەرمی پیرۆزبایی لەفراکۆو میا دەکەم لەبەرمبەر ئەو ئەنجامە نایابەی تاقیکردنەوەکانیان،بەتامەزرۆیشەوە لەاوەرشوانی نامەی فرانکۆدام. بەهیوام ئەگەر پێی باش بێت لە سالّی یەکەمی خوێندنەکەی ئاگادارم بکاتەوە. سەرکەوتن لەتاقکردنەوەی یەکەمدا شتێکی زۆر گرنگە بۆ ژیان. ئێستا دەکرێت بوترێت بەراستی فرانکۆ هاتوەتە ریزی پیاوانەوە و بوەتە هاولاّتی، چونکە ویست و بەهای خۆی لەبەردەم پیاوانی تردا کە فرانکۆ بەکەسێکی جیاوازتر ناودەبن ئاشکراکردوە. پێموایە ئەو مەسەلەیە گرنگەو بگرە گرنگتریشە لەخواردنی قوربانی یەکەم. بەهیوام میاش لە وردەکاری زیاتر ئاگادارم بکاتەوە. نازانم کەئاخۆ کارلۆ پێنوسە رەنگاو رەنگەکانی بۆ ناردوە یان نا؟ لەهەموو بارێکدا**

**نامەی بۆ بنێرن تا بەخێرایی رەوانەی بکات.من مەمنونی گرازییتام لەبەرامبەر ئەو هەوالاّنەی کەبۆی ناردوم. پێشتر مەرگی ئمیلیۆ باتریزیۆ کارتای پێڕاگەیاندم، بەلاّم هەوالّی مردنی ئەنجلیکۆی پێنەگەیاندوم. هەست بەئازارێکی زۆر دەکەم بەتایبەتیش لەبەر دایکی کە بەباشی لەیادمە چ ژنێکی ئازایە.**

**دیسان خێزانی سبادا(کۆنکا و فریوا)شم لەیادە،هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە هیچیان لەبارەوە نازانم، لەبارەی خۆشمەوە هیچ شتێکی تازە نییە.**

**بەپەرۆشەوە ماچت دەکەم**

**ئەنتۆنیۆ**

**٢٥ی تەموزی ١٩٣٢**

**دایکی ئازیزم**

**نامەکەی گرازییتام بەدەست گەیشت کەمێژووی ١٥ی تەموزی لەسەرە. کارلۆ بەهیچ شێوەیەك نامەم بۆ نانێرێت،سەرباری بەڵێنەکانی کە لەسەردانەکانیدا پێیدابووم.**

**لەوهەفتانەی دواییدا باری تەندروستیم خراپتر بووە، بەڵام بەو هیوایەی بەخێرایی چاك ببمەوە.**

**چاوەرشوانی نامەی فرانکۆو تریسینا دەکەم**

**ماچت دەکەم**

**ئەنتۆنیۆ**

**٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢**

**دایکی بەڕێزم**

**ماوەیەکە هیچ کەسێك نامەی بۆ نەناردوم،لەبەرئەوە هیچ هەواڵێکم بەدەست نەگەیشتوە. چەند هەفتەیەك بەر لەئێستا تاتیانا وێنەی منداڵەکانی تریسینای پێدام کە زۆر ئاسودەی کردم. راستە میا زۆر لە ئیما دەچێت ئەو کاتەی کەمنداڵ بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی سەیرە و جێی سەرنجە ئەوەیە، کە چۆن ئەو منداڵانە شەقڵی خێزانەکەیان هەڵگرتوە(دیك دیلیۆ و جۆلیانۆش هەمان شەقڵە هاوبەشەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە) واهەست دەکەم هەندێك دەمو چاو هەیە پێشتریش بۆ چەند جارێك دیومن. پێوایە دیدی زۆر لەو کاتانەی تریسینا دەچێت کە لەسۆرگۆنۆ[٢٩] نیشتەجێ بووین و دەچووین بۆ دایەنگەی راهیبەکان،بەڵام ئەو دەم نە پرچی لوول نە زەردباویش بوو وەك ئێستای. بەم دواییانەش وێنەی دلیۆی بۆ رەوانەکردوم ، کەهەرئەڵی وێنەی ماریۆ دەبینم ئەوکاتەی تەمەنی ٨ساڵان بوو. هەروەها جۆلینۆش هەمان ئەو شەقڵانەی تێدایە کە بنانارۆ و مامە ئەلفریدۆم [٣٠]بەبیردەهێنێتەوە، کە کەهەرگیز کەسێکی باش نەبوو. لەکاتێکدا مامەسیزار وادەردەکەوت لەخێزانێکی تر بێت. رەنگە ئەم سەرنجانەی من رووکەش بن و تەنیا پەیوەندی بە جۆرێك لە ئاماژەی خودگەراییەوە هەبێت و هیچی تر. بەڵام ئەی بۆ لەنێو ئەو کۆمەڵە منداڵەدا پاولو بوونی نییە؟ چاوەڕوانی هەواڵتم. زۆر لە تریسیناو گرازییتا بکە نامەم بۆ بنووسن. بەتامەزرۆییەوە ماچت دەکەم.**

**ئەنتۆنیۆ**

---

[٢٩] - گوندێکە لەسەردینیا کە تیایدا بۆماوەیەك خێزانی گرامشی نیشتەجێبوون.

[٣٠] - مامە ئەلفریدۆ و مامەسیزار هەردوکیان مامی گرامشی بوون.

**٨ی مارسی ١٩٣٤**

**دایکی خۆشەویستیم**

**سەبارەت بەبارودۆخی ئێستام تاتیناو تریسیام ئاگادار کردوەتەوە، هەرچەندە وەك پێویست نییە ، بەدڵنیایشەوە وەك ساڵی پار نییە. تائێستا نەم نووسیوە، چونکە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بووم و دەشزانم تاتیان کە بەتەنیا سەردانم دەکات بارودۆخی منت پێڕادەگەیەنێت.**

**هێشتا توانای جەستەی و زهنیم بەتەواوەتی بۆم نەگەڕاوەتەوە، ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە لەتۆرینۆ بووم زۆر شەکەت بووم و خەریك بوو دەمردم، هەندێك جار زۆرخراپ و هەندێك جاریش باش دەبووم. بەهەرحالچ ت دەزانیت کە من زۆر بەرگە دەگرم و دان بەخۆداگرتنێکی زۆریشم هەیە و هەرئەوەشە وایکردوە بەرگەی قۆناغە دژوارەکان بگرم.**

**شتێکی کەم لەبارەی تەندروستیتەوە دەزانم و بەدەگمەنیش تریسینا و گرازییتا بۆم دەنووسن. هەوڵدەدەم لەمەودا بەشێوەیەکی رێك و پێك بنووسم بەڵام بەشێوەیەکی رۆژانە نابێت.هەواڵی جۆیلیاو منداڵەکانم پێگەیشت و پێموایە ئەوان باشن. دایکی بەرێزم..ماچ بۆ تۆو سەرجەم ئەندامی خێزانەکە دەنێرم**

**ئەنتۆنیۆ**